# ناساندنی جینۆسایدی کورد لە پەرلەمانی بەریتانی و چەند ڕەهەندێکی تر



ئارام ئەحمەد محەمەد

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ناساندنی جینۆسایدی کورد لە پەرلەمانی بەریتانی بە شێوەیەکی فەرمی و بە تێکڕای دەنگ، دەستکەوتێک و هەنگاوێکی گرنگ بوو کە چەندین بایەخ و ڕەهەندی هەیە. هەروەها هەڵوێستی حکومەتی بەریتانییش بۆ پەسندکردنی کارکردنی زیاتر لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا لە سەر ئەو پرسە دیدێکی نوێی حکومەتی بەریتانی پیشاندا بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی و کرانەوە لە سیاسەتیدا بەرامبەر جینۆسایدی کوردو پێوەندیشی لەگەڵ کوردستاندا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، وەزیری نوێنەری حکومەت و وەزیری سێبەری ئۆپۆزسیۆن هاوڕابوون کە پێکەوە کاری زیاتر بکەن بۆ هاندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەوروپی و پرۆسەی بە دادگاگەیاندنی نێونەتەوەیی پرسی جینۆسایدی کورد، ئەمەش خۆپابەندکردنێکی باشی هەردوولا بوو بۆ بەئەرککردنی کارکردن لە سەر پرسەکە، هەروەها ئەو کۆبوونەوە پەرلەمانییە، زیاتر لە دوو کاتژمێرو نیوی خایەند، ئەمەش بەهەندگرتنی زۆری ئەو پرسەی گەیاند لە کاتی بەنرخی پەرلەمانێکی وا ناودارو پڕ کاردا.

بایەخەکانی ئەو ناساندنە لەوەدایە بەریتانیا یەکێکە لە وڵاتە هەرە ناودارو بەهێزەکانی دنیا، هەر هەڵوێستێکی کاریگەری خۆی دەبێ لە کارتێکردنی سیاسی و یاساییش بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتر ناساندنی جینۆسایدی کورد لە بەریتانیاو لە وڵاتانی تریشدا. هەروەها بەریتانیا مێژوویەکی دوورو درێژی پڕ کاریگەری سیاسی و ئابووری وفەرهەنگیشی هەبووەو هەیە لەسەر کوردستان و عێراق و ناوچەکەو تەنانەت داڕشتنی سەرەکی نەخشەکانی ئەم ناوچەیە لە لایەن بەریتانیاوە بووە. لە دوای ڕاپەرینەوە، بەریتانیا لایەنێکی سەرەکی بووە لە بەهاناوەهاتنی گەلەکەمان لە سەپاندنی ناوچەی ئارام و رزگارکردنی عێراق و مانەوە وەکو هاوسەنگی ڕاگری نێوان کوردستان و عێراق و گەرمکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم، بۆیە هەرهەڵوێست و بڕیارێکی بەریتانی ڕەنگدانەوەی فراوانی دەبێت. ئەو ناساندنە لە لایەن وڵاتێکی بە خۆپارێزناسراوی دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی وەکو بەریتانیا لەو جۆرە پرسانە دەبێتە هاندەر بۆ ترس شکاندن و ڕەواندنەوەی دوودڵی وڵاتانی تریش کە ئاسانتر بەو جۆرە هەنگاوە هەستن.

وەک بەدی دەکرێت، گەشەسەندنی پێگەی سیاسی و ئابووری و سەقامگیری و سیاسەتی گونجاوی هەرێمی کوردستان، هاندەرە بۆ ئاوڕدانەوەی دەرەکی و کرانەوە بەرامبەر ناساندنی جینۆسایدیش، بەر لەوهەڵوێستەی پەرلەمانی بەریتانی و حکومەتی بەریتانیش.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پرسی جینۆسایدناساندنی خستۆتە پلەی سەرەوەی ئەرکەکانی، بۆ ئەوەش سەرەتا بیری لە دانانی نەخشە ڕێگە کردۆتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو ئەرکە، بۆ دانانی ئەو نەخشەیەش، پرس و ڕای بەچەندین لایەن و پسپۆرو شارەزا کردووە، لە هەلومەرجی پێشتری کوردستان، سەرەتا بەرنامەی زەمینەسازی لۆبی سیاسی و ناساندنی پەرلەمانیی لە ئاستی چەندین وڵاتی جیاجیادا بە گونجاوزانی، ئینجا هەڵکشان

بەرەو ڕێکخراووداد گا نێودەوڵەتییە کان.

هاوکات بیر لە لایەنی ناساندنی یاساییش کراوەتەوە، بۆ هەلومەرجی کوردستان وا بە پەسندا زانرا کە سەرەتا زەمینە سیاسییەکەی بۆ خۆش بکرێ، چونکە چەندین تاقیکردنەوەی میللەتانی تر ئەوە دەسەلمێنن کە پشتیوانی سیاسی پێویستە بۆ ناساندنی یاسایی و،هەر لە بنەڕەتیشدا جینۆساید بۆئامانجی سیاسی ئەنجام دەدرێت. بەو شێوەیە لە سەر بنچینەی ئەوە تێگەیشتن وپلانی کارداندرا.

هەڵبەتە بەپێزانینەوە بۆچالاکی و دڵسۆزی گشت لایەک، لە رابردوو و لە ئێستادا، لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای هەموو لایەک کە بەگیانی نیشتیمانی و بەشێوەی جیاجیا لەو پرسەدا کاریان کردووە، جگە لە چالاکییەکانی رابردوو، لە ساڵی پارەوە پرسی ناساندنی جینۆساید بەو ئاڕاستەیەی کاری لەسەر کراوە، ئەنجامی بەرچاو و خوازراوی هەبووە. بۆنموونە: چەندین کۆنفرانسی دەرەکی کران لە لەندەن و لە جنێف، پەرلەمانی نەرویجی گفتوگۆی تایبەتی لەسەر پرسی جینۆسایدی کورد سازکردو بە بانگهێشتکردنی وەزیری دەرەوەو هاوڕایی خۆی بۆ پەسندکردنی بەجینۆسایدناسانی کورد دەربڕی. دواتر پەرلەمانی سوید لە ڕێگەی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمان جینۆسایدی کوردی ناساند. هەمان کات کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندیش کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتمان کرد سەبارەت بە نەخشەرێگەی ناساندنی جینۆسایدی کورد. هەروەک باسکرا پەرلەمانی بەریتانیش ناساندی و لە پەرلەمانی ئەوروپیش بڕیاری سازدانی سیمینارهەیە لەو بارەیەوەو هەوڵی زەمینەخۆشکردنی سازدانی گفتوگۆی پەرلەمانی هەیە لەمەڕ ناساندنەوەکە.

ڕێگە نەخشە سەرەکییەکانی ناساندنی جینۆساید ئەوەن کە لە ڕێگەی ڕێکخراو و دادگا نێودەوڵەتیەکانەوە بێت. ئامانجەکانی ئەو ناساندنەش ئەوەیە کە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانە بگیرێت و جۆرە پشتیوانی و هاوسۆزییەکی نێودەوڵەتی و پابەندبووێکی وا پەیدا ببێت کە بەرگری لە گەلێکی وەکو کورد بکەن و ببنە پاڵپشتی بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی جینۆسایدی تر لە سەری. ئەنجامێکی ئەو ناساندنەش کارکردنە لەسەر بەدەستهێنانی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی جینۆسایدی کورد، کە بە پلەی یەکەم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتیش هەموو زیان لێکەوتوویەکی ئەنجامی ئەو تاوانانە دەگرێتەوە.

سەبارەت بەو قەرەبووکردنەوەش، بەرپرسیارێتی یەکەم لە ئەستۆی حکومەتی ئێستای عێراقە وەک واریسی رژێمی پێشووی لەناوچووە، کە گشت ئەو زیانانە قەرەبووبکاتەوە بۆ قوربانیان. وەزارەتمان، بە هاوکاری پەرلەمان وچەندین ڕێکخراوو پسپۆر، یاساییەکی ئامادەکردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی گشتیی قوربانیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، لە بەرنامەدایە ببردرێت بۆ پەرلەمانی عێراق لە کاتێکی گونجاودا. لایەنێکی تری ئەوەیە، کە کاتێك ئەو تاوانانە لە ئەنجامی دادگاییکردنی تاوانبارێک لەدادگایەکی نێودەوڵەتی بەجینۆساید تۆماردەکرێت، پابەندبوونی قەرەبووکردنەوەی بە دوادادێ و هەروەها لە ڕێگەی سندوقێکی هاوکاریشەوە دەکرێت قەرەبووکردنەوە بدرێت. جگە لەوە، لە هەندێ وڵاتدا ڕێگەی دادگای تایبەتیش هەیە کە تاوانباری جینۆسایدی تێدابێت، بەڵام ئەم ڕێگانە، کاری سیاسی و یاسایی چڕوتوانای باشیان پێویستە بۆ بەئەنجام گەیشتن.

شایەنی باسە، ماوەیەکە جمۆجۆڵ و ویستی ناساندنی جینۆسایدی کورد زیاترو بەرچاوتر بووە. لە لایەکەوە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکان بەگوڕترەوە لە کاردان بۆ ئەو مەبەستە، لە لایەکی تریشەوە وڵاتان زیاتر دەروازەیان بۆ ئەو کارە کردۆتەوەو گەرمترن لە ئاوڕدانەوەو پێوەندی دروستکردن و هەنگاونان بەو ئاڕاستەیە.

ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پێوەندییەکان و بە پشت بەستن بە چەندین ڕێکخراوو دەزگا لە پرۆسەی بەرنامەدانانە بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی پسپۆر بۆ کارکردنی زیاترو بەرزتر بۆ ناساندنی زیاتری جینۆساید لە ئاستی فرەوانترو باڵاتری سیاسی و بە تایبەت لە بواری یاسایی و دادگای نێونەتەوەیی.

لە لایەکی ترەوە هەماهەنگی دروست بووە لەگەڵ چەندین نوێنەرو پەرلەمانی تری وڵاتان بۆ ناساندن.

هەوڵ دەدرێت بە ئاڕاستەیەک کار بکرێت کە پرسەکە بکرێتە ئەرکێکی نیشتیمانی و سوود لە تواناو دڵسۆزی و شارەزایی ڕەوەندی کوردو لایەنە نێونەتەوەییەکان وەربگیرێت بۆ ئەوەی پێکەوە ئامانجەکانی ئەو ئەرکە بەدیبهێنرێن. بۆیە، وەزارەتمان چالاکییەکانی پۆلێن کردوە: جۆرێک لە چالاکییەکان وەزارەت خۆی ئەنجامی دەدات، جۆرێکی تریان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگاکانی تری حکومەت یان پەرلەمان یان لەگەڵ ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێ، یان ڕێکخراوەکان و چالاکوانان و تاکی شارەزاو لایەنی تر خۆیان جۆرە چالاکییەک ئەنجام بدەن و وەزارەت پشتیوانیان بکات.

ئەمساڵ یەکێک لە پلانەکانی وەزارەت ئەوەیە کە بەرنامەی یادەکانی ٢٥ ساڵەی ئەنفال و کیمیاباران بە شێوەیەک بێت ڕەنگدانەوەی نێونەتەوەیی هەبێ و پرسی ناساندن بەرەوپێش بەرێ. بۆ نموونە داوەتکردنی میوانی بیانی پێوەندیدار بۆ یادەکان و بەستنی کۆبوونەوەو کۆنفرانس لەگەڵ. هەروەها هەڵمەتەکە بە جۆرێکە، ڕەوەندی کورد و چەندین نوێنەرایەتی حکومەت و ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی دەرەوەش بە شێوەی چڕتر و شارەزایانەتر. یەکێک لە پلانەکانی وەزارت، دروستکردنی تۆڕی کارکردن بووە لە نێوان پێوەندیدارانی ئەو پرسە لە وڵاتانی جیاجیا. ئەم پرۆسەیەش گەیشتۆتە قۆناغێکی باش بۆ کۆکردنەوەی تواناکان و کارتێکردنی ئەنجامی کاری وڵاتێک لەسەر ئەوانی تر کە چەند مانگێکە تێبینی دەکرێت کە لەوڵاتێکدا، ناساندنێک دەبێت، زوو دەبێتە هاندەر بۆ وڵاتی تریش.

بە کورتییەکەی، ئێستا پرسی ناساندنی جینۆساید هەنگاوی باشی ناوە، دەرفەتی باشی هێناوەتە پێش، گرنگ ئەوەیە خۆمان بەرنامەوپلانی باشی بۆ دابنێین، پێکەوە وەکو ناسنامەو ئەرکێکی نیشتمانی کاری لەسەر بکەین لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی شەهیدان و گەلەکەمان.

**گەشەسەندنی پێگەی سیاسی و ئابووری و سەقامگیری و سیاسەتی گونجاوی هەرێمی کوردستان، هاندەرە بۆ ئاوڕدانەوەی دەرەکی و کرانەوە بەرامبەر ناساندنی جینۆسایدیش، بەر لەوهەڵوێستەی پەرلەمانی بەریتانی و حکومەتی بەریتانیش**

**سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و زیانلێکەوتووان، بەرپرسیارێتی یەکەم لە ئەستۆی حکومەتی ئێستای عێراقە کە وەک واریسی رژێمی پێشووی لەناوچووە، تا گشت ئەو زیانانە قەرەبووبکاتەوە بۆ قوربانیان**





### کاریزمایی

# مستەفا بارزانی

## دابڕانێک لەنێوان دوو مێژوو و دوو بیرکردنەوەدا



((سەرۆک رۆڵێکی زۆر گەورەی لە خوڵقاندنی شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە هەیە، وەک سیمبولێک خزمەتی یەکبوونی ئەخلاقی کۆمەڵگە دەکات، دەربڕی ئەو بەهایانەیە کە کۆمەڵگە پێکەوە گرێدەداتەوە، ئەوەی زۆر گرنگە لە خەسڵەتی سەرکردەی سیمبولدا، ئەوەیە کە مەزندەی ئامانجەکان دەکات و ئەو توانایەی هەیە ئامانجەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکات، سەرکردەی سیمبول ئەو توانایەی هەیە کە گەلەکەی لە شتی لاوەکی دووربخاتەوەوە و بیرکردنەوەیان بخاتە سەرووی ئەو تەنگژانەی کۆمەڵگە دابەشدەکات، هەر بۆیە سەرکردەی سیمبول هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆئەوەی کۆمەڵگەکەی بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی بپارێزێت)).

جۆن ولیام گاردنەر

جۆن ولیام گاردنەر کە چەندین پۆستی وەزاری لە ئیدارەکانی ئەمریکا وەرگرتووە، نووسەری کتێبی (سەرکردایەتیە لە کۆمەڵگەی ئەمریکا) و، وەك لەپێناسەی بۆ سەرکردەی سیمبول ئاماژەی پێکردووە، سەرکردەی سیمبول تەنیا یەك ئامانجی هەیە، ئەویش ئەوەیە یەکگرتوویی و یەکڕیزی گەلەکەی بپارێزێت و هەموویان لە دەوری یەك ئامانج کۆبکاتەوە کە ئەویش ئامانجی نەتەوەیە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کاتێك سەرکردەی کاریزمی ئەم ئامانجە لای خۆی گەڵاڵە دەبێت، گەلەکەی لەنائومێدیدایە و ناتوانێت هیچ هەنگاوێك هەڵبگرێت، بۆیە لەم حاڵەتە سەرکردەی سیمبول لەناو جەرگەی نائومێدی ئومێد بۆ گەلەکەی دروست دەکاتەوە، گەلەکەی لە پارچە پارچەبوون رزگار دەکات و لەناو پرۆسەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆیان دەکاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر کاریزمایی مستەفا بارزانی بخوێنینەوە، هەست دەکەین ئەو پێناسەیەی جۆن ولیام گارنەر بۆ سەرکردەی سیمبول کردوویەتی هەموو سیماکان و خەسڵەتی مستەفا بارزانی تێدا دەبینرێتەوە، لەبەر ئەوەی بارزانی مستەفا بە درێژایی ژیانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبووە بیرکردنەوەی نەتەوەکەی بخاتە سەرووی ئەو تەنگژانەی کۆمەڵگە دابەش دەکەن و هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە یەکگرتوویی و یەکڕیزی نەتەوەکەی بپارێزێت، لەبەر ئەوەی تەنیا رێگەیەك بۆ سەرفرازی نەتەوەو گەیشتنی بە رۆژی سەرفرازی یەکجاری ئەو رێبازەیە کە مستەفا بارزانی لە شۆڕش و خەباتکردندا پێڕەوی کردووە، ئەو رێبازەش یەکڕیزی و یەکگرتوویی گەلی کوردستانە.

**دەرکەوتنی ناسنامەی سیمبولی لە کەسایەتی بارزانی مستەفادا**

دەرکەوتنی ناسنامەی سیمبولی لە کەسایەتی بارزانی مستەفادا، بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی کارلێکی سیفەت و خەسڵەتەکانی ئەم سەرۆکە بووە لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا، هەروەها بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەو سەرۆکە بووە کە توانی بە سیفەت و خەسڵەتەکانی ئەم بیرکردنەوەیە بکاتە بیرکردنەوەی نەتەوەیەك کە بێجگە لەوەی نیشتمانەکەی دابەشکرابوو، لەناو هەر پارچەیەکیشدا بەسەر ناوچەگەریدا دووبارە دابەشبووەوە، ئەمەش واتە لەبیرکردنەوە و تێڕوانینی مستەفا بارزانیدا نیشتمان و نەتەوە، یەك نەتەوەو یەك نیشتمان بووە، لەبیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەودا سنوورەکان و دابەشبوونە ناوچەگەرییەکان بوونیان

نەبووە، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا تەنیا ئەم تێڕوانین و بیرکردنەوەیە نییە کە بارزانی مستەفای کردۆتە سیمبول، بەڵکو ئەو ئیرادەیەیە کە توانی بیرکردنەوە و تێڕوانینی تاکە کەسێك بگۆڕێت بۆ بیرکردنەوەی نەتەوەیەك بۆ پانتایی نیشتمانێك کە ناوی کوردستانە، لەمەش گرنگتر پێکەوە کارلێکی تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و ناوچە جیاوازەکان و بەشە جیاوازەکانی کوردستان بووە پێکەوە بۆئەوەی هەموویان پێکەوە کارلێك بکەن و پێکەوە لەدەوری ئامانجێك کۆبکەنەوە، هەر ئەگەر کاریزمایی گاندی بە دەسپێکی کاروانی خوێ (salt satyagraha) دەست پێبکات، ئەوا لە کاریزمایی بارزانی مستەفادا چەندین کاروانی جۆراو جۆر هەیە، هەر یەك لە بڕیاردانی ئەو کاروانانەش لە کاروانی خوێیەکەی گاندی کەمتر نەبوون، هەر بۆ نموونە:

١. کاروانی یەکەمی بارزانی مستەفا لە سلێمانییەوە بۆ بارزان و هەڵگیرساندنی شۆڕشی بارزانی دووەم و دامەزراندنی لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە، کە یەکەم جاربوو لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریی خوازی کوردستاندا شۆڕش لە ناوچەگەرییەوە بگوازرێتەوە بۆ شۆڕش لەسەر ئاشتی کوردستانی باشوور، بە شێوەیەکی سەرتاسەری، هەروەها دروستکردنی سەرکردایەتیەکی هاوبەش بوو بۆ سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە کە هەموو چین و توێژەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی باشووری کۆکردبۆوە.

٢. کاروانی دووەمی بارزانی و هاوەڵانی، بەدەنگەوە چوونیان بوو بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و بوون بە پێشمەرگە و پارێزەری ئەو کۆمارە تازەیە، هەروەها بیرکردنەوە بووە لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك بەرەیەکی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی هێز و لایەنە سیاسیە جیاوازەکان و هەروەها بەشداری پێکردنی کەسایەتیە سەربەخۆکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە لە دەوری ئامانجێکی نیشتمانی هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە.

٣. کاروانی سێیەمی بارزانی مستەفا، کاروانە بەناوبانگەکەی پەڕینەوەیە لە رووباری ئاراس، جیاوازی ئەم کاروانە لەگەڵ کاروانەکانی پێشتری بارزانی، جیاوازی نێوان تێڕوانین و بیرکردنەوەی بارزانی نییە، بەڵکو جیاوازی ئەو هەلومەرجەیە کە بارزانی و هاوەڵانی لەم کاروانەدا رووبەڕووی هەموو دەوڵەتە داگیرکارییەکانی کوردستان بوونەوە، ئەمەش واتە نەك بیرکردنەوە و تێڕوانییەکانی بارزانی مستەفا ئاستی بیرکردنەوەی گەلی کوردستانی لە قۆناخێکەوە بردە قۆناخێکی بەرزتر، بەڵکو دوژمنانی کوردستانیش لەو بیرکردنەوەی بارزانی تێگەیشتن، کە کوردستان یەك نیشتمان و یەك وڵاتە و هەردەبێت یەك دەوڵەت بێت، بەڵام بارزانی مستەفا هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەم ئامانجە هەنگاوی خێرا هەڵدەگرێت، ئەم بۆچوونەش تەواو راست بوو لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە ئاراس پەڕینەوە لەناو کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت و لەباکۆی پایتەختی ئەو وڵاتە بارزانی مستەفا کۆنگرەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی رێکخست و لەو کۆنگرەیە بەرنامەی دامەزراندنی جمهوریەتی کوردستانی راگەیاند و سیمای ئەو کۆمارەی ئاشکرا کرد کە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی بارزانیدا بوونی هەبووە.

٤. کاروانی چوارەمی بارزانی، گەڕانەوەی بارزانی و هاوەڵاکانییەتی لە سۆڤێتەوە بۆ عێراق، لەم قۆناخەدا مستەفا بارزانی ببووە سیمبول نەك هەر بۆ نەتەوەکەی و گەلی کوردستان، بەڵکو ببووە سیمبول و ئومێد بۆ ئاشتی و دیموکراتی لە عێراقدا، هەربۆیە دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق بارزانی مستەفا پشتگیری خۆی بۆ دەستووری کاتی عێراق دەربڕی کە لەماددەی ٣ی ئەو دەستوورە ئەوە هاتووە کەدەڵێت (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە)، بەڵام کاتێك رژێمی عەبدولکەریم قاسم لەم بەندە دەستووریە پەشیمان بووەوە، ئەوا کاروان و قۆناخێکی دیکە لە ژیانی سیاسی بارزانی دەستی پێکرد.

٥. کاروانی پێنجەمی بارزانی، کاروانی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولە، لەم قۆناخەدا لەبەر ئەوەی تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی بارزانی بە ئاستێك کارلێکی لەگەڵ نەتەوەی خۆی کردبوو، بۆیە بەپێی ئەو بەرنامەیەی بارزانی بۆ دەسپێکردنی شۆڕش دایڕشتبوو، نەتەوەکەی ئەو بەرنامەی پێشخست و نەتەوە خۆی داوای لە بارزانی کرد پێش تەواوبوونی بەرنامەکەی رێبەرایەتی شۆڕش بگرێتە ئەستۆ، بۆیە وەك مێژوو پێمان دەڵێت بەرنامەی بارزانی بۆ شۆڕش سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان خۆیان داوایان لە بارزانی کردووە هەڵگیرسانی شۆڕش پێش بکەوێت، بارزانی جێبەجێکاری فەرمانی نەتەوەی خۆی بووە و لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شۆڕش دەستی پێکردووە. بەڵام دیسان کاروانەکانی بارزانی بەردەوام بووە، بەڵام

**ئەگەر کاریزمایی گاندی بە دەسپێکی کاروانی خوێ (salt satyagraha) دەست پێبکات، ئەوا لە کاریزمایی بارزانی مستەفادا چەندین کاروانی جۆراو جۆر هەیە، هەر یەک لە بڕیاردانی ئەو کاروانانەش لە کاروانی خوێیەکەی گاندی کەمتر نەبوون**


بەپێی گۆڕانکاری بارودۆخەکە شێوازی کاروانەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە ئەویش قۆناخی دیپلۆماتی و چارەسەری ئاشتیانە بووە.

**٦.** کاروانی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠و گەیشتن بە ڕێککەوتنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، ئەم کاروانە کاروانی ئاشتی و چارەسەری کێشەکان بووە بەزمانی دیالۆگ و دانوستاندن، بەڵام دیالۆگ و دانوستاندن لە بیرکردنەوەی بارزانی مستەفادا، سازش و کۆمپرۆمایز نەبووە وەك ئەوەی بەمجۆرە ئەمڕۆ لە سیاسەتدا پێناسەی دیالۆگ و دانوستاندنی پێدەکەن، بەڵکو دیالۆگ و دانوستاندن لە بیرکردنەوەو تێڕوانینی بارزانیدا هەوڵدان بووە بۆ گەیشتنی بەرامبەر بەو قەناعەتەی کە کوردستانییەکان لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین و دەکرێت لەگەڵ عەرەب کە ئەوانیش لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین پێکەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا بژین، نە کوردستانییەکان مافی عەرەب پێشێل بکەن، نە عەرەبیش مافی کوردستانییەکان پێشێل بکات، بۆیە دیالۆگ و دانوستاندن بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێگەچارەی جیاواز بووە بۆ چارەسەری کێشەکان نەك ئەوەی ڕژێمەکانی عێراق چاوەڕێی ئەوە بکەن کە بارزانی لە پابەندبوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بێتە خوارەوە یان سازش بکات، ئەم پابەندبوونەی بارزانی بە هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانەوە، جارێکی دیکە ئەم سەرکردە کاریزمایەی بەرەو قۆناخێکی سەختتر برد.

**٧.** قۆناخی بڕیاردانەوەی شەڕ و قۆناخی قوربانیدان بە شۆڕش لە پێناوی پابەندبوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ئەم قۆناخە پابەندبوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بارزانی مستەفای کردە پابەندبوونی نیشتمانی نەوەکانی داهاتوو، ئەو پابەندبوونانە بوونە هێڵی سوری نیشتمانی نەتەوەیی کە نەك سەرکردەکانی ئێستا بەڵکو سەرکردەکانی داهاتووش ناتوانن بیبەزێنن، ئەمەیە کاریزمایی بارزانی دەباتە ئەو ئاستەی کە وەك چەترێك هەموو نەتەوە پێکەوە کۆدەکاتەوە.

## ڕێبازی خەڵك یان ڕێبازی بارزانی

لەدیدارێکی ڕۆژنامەنووسی نووسەری ئەم دێڕانە لەگەڵ بیرمەندی کورد مامۆستا مەسعود محەمەد و لەوەڵامی ئەوەی ئایا مەسعود محەمەد چۆن سەیری بارزانی مستەفا دەکات(دەقی ئەو دیدارە لە ڕۆژنامەی برایەتی لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە) ئەو لەوەڵامدا پێی وتین (سیمبولی مەلا مستەفا بارزانی قەدەرە) ئەمەش واتە بارزانی مستەفا مێژوویەك کردویەتی



**بارزانی نەمر:**

**(( کەرکووک کوردستانە، زۆر جاری تریش ئەوەمان ڕاگەیاندووە، کە داهاتی نەوتی کەرکووک بۆ حکوومەت بێت، بەڵام کوردیش دەبێت لە هەموو داهاتی ئێراقدا بەشی خۆی پێ بگات)).**

**((ئێمە خاکی کەسمان داگیر نەکردووە، لە مافی خۆمان زیاترمان داوا نەکردووە تا بتوانین سەنگ و سووکی تێدا بکەین لە دواییدا بێینە خوارەوە، حکومەتی ئێراق خاکی کوردی داگیرکردووەو پێویستە ئەو واز لەو زوڵم و دەستدرێژییەی خۆی بهێنێت)).**

به سیمبول، بۆیه ئهگهر ئهو پێی خۆش بێت یان پێی خۆش نەبێت سیمبولی هەر کوردێك و کوردستانییەکە، ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات ئەو پرسیارە بوروژێنین ئایا بیرکردنەوە و تێڕوانینی مەلا مستەفا بارزانی وەك ڕێبەرێك و سەرۆکێك بۆ دەسەڵات چۆن بووە؟ بێگومان توێژینەوە زانستییەکان سەبارەت بە ستایلی سەرکردەی هاوشێوەی مەلا مستەفا بارزانی ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو جۆرە سەرکردانە حەزیان لە دەسەڵاتی سەرۆکی تەقلیدی نییە، ئەمەش واتە چاویان لە پۆست و پێگەی فەرمی نییە، بەڵکو ئەو جۆرە سەرکردە کاریزمایانە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە لەناو دڵی هەر تاکێکی نەتەوەی خۆیدا پێگەیەك بۆ خۆی بکاتەوە، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردە کاریزمییەکانی هاوشێوەی بارزانی ئەو پێگەیەی شانازی پێوە دەکەن ئەو شوێنەیە کە لەناودڵی میللەتەکەی خۆیان دەیکەنەوە، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئەم جۆرە سەرکردانە چۆن شوێنی خۆیان لەنێو دڵی تاکەکانی گەل و نەتەوەی خۆیان دەکەنەوە؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو سیفات و خەسڵەتانەی لەناو کەسێتی بارزانی مستەفا و سەرکردە هاوشێوەکانی هەبووە، هەر بۆ نموونە ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین ئایا چۆن ژەنراڵ دیگۆل بووە سیمبول و لە دڵی هەر تاکێکی فەرەنسی و هەر تاکێکی دەوڵەتانی فرانکفۆنی؟ بێگومان لەبەر ئەوەی هیچ تاکێکی فەرەنسی و فرانکفۆنی قبوڵی نییە وڵاتەکەی داگیرکرابێت و دیگۆل کە بڕیاریدا بەرگری بەردەوام بێت بۆ ئازادکردنی فەرەنسا لەدەستی فاشیەت، ئەمە خواستی هەر تاکێکی فەرەنسی و فرانکفۆنی بووە، بۆیە جیاوازی دیگۆل لەگەڵ هەر تاکێکی دیکەی فەرەنسی و فرانکفۆنی ئەوەیە، کە دیگۆل خۆی لەگەڵ خواست و ئومێدەکانی نەتەوەی خۆیدا پێناسەکردۆتەوە، ئەوە دیگۆلە دوای خواست و ئومێدی نەتەوەکەی کەوتووە، نەك فەرەنسییەکان دوای خواست و خۆزگەکانی دیگۆل کەوتبوون، بۆیە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ڕێبازی دیگۆل، ڕێباز و بیرکردنەوەی خەڵکی فەرەنسا و فرانکفۆنیە، یان ڕێبازی دیگۆڵ ڕێبازی خۆیەتی؟ بێگومان ڕێبازی دیگۆل ڕێباز و بیرکردنەوەی نەتەوەی فەرەنسی و فرانکفۆنە کە دیگۆڵ وەك خزمەتکار هەنگاوی بۆ ئەو ڕێبازە هەڵگرتووە، ئەمە بۆ گەلی ئەمریکاش ڕاستە لەبەر ئەوەی کاتێك جۆرج واشنتۆن لە ئاهەنگی چا خواردنەوەی بۆستن بڕیاریدا هەموو چایەکانتان بڕژێننە ناو ئاوەکە، وەك دەربڕینێك بەوەی باج ئەدەین بە ئاو و باج نادەین بە پەرلەمانی بەریتانیا و دەبێت گەلی ئەمریکا ئازاد بێت، ئەمە ڕێبازی گەلی ئەمریکا بوو کە چیتر ژێردەستەیی بەریتانیا قبوڵ ناکەن، کە ئەمەش بووە هەوێنی شۆڕشی ئەمریکا، مانای ئەوە نییە بیرکردنەوەی جۆرج واشنتۆن بووە هەوێنی شۆڕش، بەڵکو بیرکردنەوەی جۆرج واشنتۆن بیرکردنەوە بووە لە خواستی گەلی ئەمریکا و ڕێکخستنی لەچوارچێوەیەکدا، ئەمەش واتە جۆرج واشنتۆنیش دوای خواست و داواکاری و بیرکردنەوەی گەلەکەی کەوتووە، بۆیە ڕێبازی جۆرج واشنتۆنیش ڕێبازی گەلی ئەمریکا و خواستی گەلی ئەمریکایە بۆ ئازادی نەك ڕێبازی جۆرج واشنتۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی جۆرج واشنتۆن توانی هەنگاو بۆ ئەم خواست و ئاوات و بیرکردنەوەی گەلەکەی بۆ ئازادی هەڵبگرێت، ئەوا ئێستا گەلی ئەمریکا بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیی و بەجیاوازی ئایین و زمان و ڕەنگی پێستەوە جۆرج واشنتۆن بە باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا دەزانن، لەمەش گرنگتر ئەوەی بۆتە نەریت لە مێژووی سیاسیی ئەمریکادا، هەر سەرکردەیەکی دیکەش بە هاوشێوەی جۆرج واشنتۆن هەنگاوی بۆ پاراستنی ئازادی ئەمریکا هەڵگرتبێت، بە باوکی دامەزرێنەر ناوی دەبەن، بۆ نموونە تۆماس جیفرسۆن و ئەبراهام لنکۆلن و ڕۆزفەلت و چەندانی دیکە لەسەرۆکەکانی ئەمریکا بە باوکانی دامەزرێنەر ناو دەبرێن، نازناوی باوکانی دامەزرێنەریش تەنیا بۆ حزبێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە پارێزگاری لەو ڕێبازە دەکەن کە کۆماری ئەمریکای ئازادی لەسەر بونیاد نراوە، واتە تەواوکردنی کاروانی باوکانی دیکەی هاوشێوەی جۆرج واشنتۆن و تۆماس جیفرسۆن و لنکۆڵنە، ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری ڕێبازی بارزانی بکەین و هەمان پرسیار دووبارە بکەینەوە ئایا ئەوە مەلامستەفا بارزانی-یە شوێن خواست و ئاوات و ڕێبازی نەتەوەی خۆی کەوتووە یان ئەوە خەڵکی کوردستانە دوای ڕێبازی مەلا مستەفا کەوتووە، بێگومان کە بەقووڵایی بیرکردنەوە و هەڵوێست و ڕەفتاری مستەفا بارزانی وردەبینەوە، هەست دەکەین ئەوە لێهاتوویی و ئیرادەی مستەفا بارزانییە یەکبوونێکی لەنێو بەها و ئەخلاق و بیرکردنەوەی نەتەوە بۆ ئامانجی هاوبەش دروستکردووە، هەموو تاکێکی ئەم نەتەوەیەش خواست و هیواو ئاواتەکانی خۆی لەنێو ئەو ڕێبازە بدۆزێتەوە

**ئەگەر کارێزمایی مستەفا بارزانی بخوێنینەوە، هەست دەکەین ئەو پێناسەیەی جۆن ولیام گارنەر بۆ سەرکردەی سیمبول کردوویەتی هەموو سیماکان و خەسڵەتی مستەفا بارزانی تێدا دەبینرێتەوە**


**ئەوەی کە بارزانی مستەفای کردۆتە سیمبول، ئەو ئیرادەیەیە کە توانی بیرکردنەوە و تێڕوانینی تاکە کەسێک بگۆڕێت بۆ بیرکردنەوەی نەتەوەیەک، بۆ پانتایی نیشتمانێک کە ناوی کوردستانە**



**مستەفا بارزانی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە نیشانەو ئاکارەکانی سەرکردایەتیی تێدا دەدرەوشایەوە، توانی پەیامی کێشەی ڕەوای میللەتەکەی بگەیەنێتە جیهان، لەمیانی ساڵانی پڕ لە خەبات و تێکۆشانیدا بە شارەزایی و لێهاتوویی و کارامەیی سەربازیانە، کێشە ڕەواکەی گەیاندە ئاستێکی پێشکەوتوو، ئەزموونێکی دەوڵەمەندیی لە ژیاندا هەبوو، چونکە هەموو تەمەنی خۆی لە مەینەتی و تراژیدیادا بەسەربرد، زۆر ئاشنابوو بە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانیی کوردی.**

جۆرج ف .ئالان

بالیۆزی ئەمریکا لە ئێران ساڵی ١٩٤٧




**مرۆڤ کاتێ سەیری دەکات، یەکسەر دەزانێ سەرکردەیەکە بە هەموو واتاو گوازشتێکی سەرکردایەتی، ژیانی خۆی بۆ میللەتەکەی و شۆڕشەکەی کردە ئامانج، بەڵام دوور لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی و لەخۆباییبوون، لە هەموو شۆڕش و شەڕەکاندا پێشەنگ بووە، لە مەهاباددا سەرکردەی سێ هەزار پێشمەرگە بووە، ئاوارەی وڵاتێک بووە، هیچ سوپایەک پارێزگاریی لێنەکردووە،ورەبەرزو بیر ڕۆشن و توانایەکی کاریگەرو بەهێزی سەرکردایەتیی هەبوو، ئەمەش وای کرد کوردەکان لەدەوری کۆ ببنەوە.**

دێیڤد ئادامس

ڕۆژنامەنووسی بەریتانی لەکتێبی «شەڕی کورد»دا

کە بارزانی مستەفا لەناو خواستەکانی خەڵك خۆی پێناسە کردۆتەوە، کەواتە ئەمە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە بارزانی مستەفا ئەو سەرکردەیە بووە کە لە ساتەوەختی نائومێدا بیری لە خواست و ئامانجی نەتەوەکەی کردووە و ئیرادەیەکی هەبووە ئەو ئامانجەی نەتەوە پێناسە بکات و پیشانی نەتەوەی خۆی بدات و ئەم ئیرادەیەی بارزانی بۆتە هاندەرێك بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوەش وەك بارزانی ئەو ئامانجە ببینێت و ببێتە هاریکاری ئەو ئیرادەیەی کە بۆ ئەو ئامانجە هاوبەشە تێدەکۆشێت، بۆیە لەم حاڵەتە دەکرێت ڕاشکاوانە ئەوە بڵێین بارزانی مستەفاش وەك هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیە ئامانجی ئازادی و سەرفرازیی بووە، بەڵام جیاوازی بارزانی لەگەڵ هەر تاکێکی دیکە ئەوە بووە کە توانیوویەتی ئیرادەی خۆی لەناو ئامانجی نەتەوەکەی پێناسە بکاتەوە و هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، ئەمەش وایکرد بارزانی مستەفا وەك کاریزمایەك لەناو نەتەوەی خۆیدا دەربکەوێت.

**کاتێك نەتەوە وەك پێداویستیەك سەیری کاریزمایی سەرۆکەکەی دەکات**

تۆژەری هیندستانی کیتان پاڵشیکار لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (سەرکردایەتی کاریزمی) ئاماژە بەوە دەکات لە کاتی دەرکەوتنی سەرکردەیەکی کاریزمی، بەشێك لەو دەستەبژێرانەی شوێنکەوتووی ڕێبازی سەرکردە کاریزمیەکەن دووچاری بێ ئومێدی دەبن، ئەوان لەوە نائومێد دەبن کە نەتەوە بەجۆرێك سەرکردە کاریزمیەکە وەك پێداویستی سەیر دەکات کە ئەوانی دیکە دەکەونە پەراوێزەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە سەرکردەیەکی وەك (سوبهاس چاندرا بوس) دەکات کە لەئاکامی نائومێدبوونی لەبەرامبەر کاریزمایی گاندی پەنای بۆ جیابوونەوە بردو، ئەو پێی وابوو شێوازی ناتوندوتیژی گاندی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و پێویستە لەگەڵ ئەڵمانیاو ژاپۆن هاوپەیمانی بکرێت بۆ ئەوەی بە زەبری هێز هیندستان لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا ئازاد بکات، ئەم تۆژەرە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەیدا هۆکاری ڕاستەقینەی سوبهاس چاندرا بۆ ئەوە ناگێڕێتەوە کە ڕێبازی گاندی بەدڵ نەبووە، بەڵکو لە ئاستی کاریزمایی گاندی دووچاری نائومێدی بۆتەوە، ئەم حاڵەتە لە مێژووی زۆربەی سەرکردە کاریزما نیشتمانییەکاندا بوونی هەبووە، بێگومان لەمێژووی سەرکردایەتی کاریزمایی بارزانیشدا ئەم حاڵەتە بوونی هەبووە، لێرەدا مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە گێڕانەوەی مێژوو نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە

بۆ مێژوو بۆ خوێندنەوەی ئایینده، هەوڵدانە بۆ تیشك خستنە سەر خەسڵەت و سیفەتەکانی سەرکردەی کاریزمی کە هەندێك لە ئاستی شکۆی کاریزمایی سەرۆکدا نائومێد دەبن، ئەم حاڵەتە بەو مانایە نییە کە سەرکردەی کاریزمی بەدەرە لە کەموکورتی، یان سەرکردەی کاریزمی دەکەوێتە ئەودیوی هەڵسەنگاندنی رەخنەییەوە، نەخێر شکۆی سەکردەی کارێزمی لەناو خوێندنەوەی رەخنەیی ئەقڵانی دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی لەم باسەدا کە ئاماژە بە سەرکردەی کاریزمی نیشتمانی دەکەین، ئاماژە بە کەسایەتیەك دەکەین کە ئەویش وەك هەر کەسێکی ئاسایی دیکە لایەنی سلبی و ئیجابیی هەیە، بەڵام جیاوازی سەرکردەی لێهاتوو کە نەتەوە وەك کاریزما سەیری دەکات، ئەوەیە کە سەرکردەی کاریزمی پێش ئەوەی بکەوێتە بەر رەخنەی خەڵك و خەڵکی تر کەموکورتیەکانی بۆ راست بکەنەوە ئەو خۆی دەبێتە چاودێر بەسەر خودی نەفسی خۆی بە شێوەی دادوەرێکی دادپەروەری توند نەفسی خۆی دەخاتە ژێر لێپرسینەوە و خۆی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی دەکات، بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی کاریزمی ئەو توانایەیە کە پێی دەگوترێت (توانای خۆ راستکردنەوە - self-correcting)، ئەمەش مانای ئەوەیە سیفەتی سەرکردەی کاریزمی ئەوەیە کە دەتوانێت خۆی لە چاوی نەتەوەکەیدا ببینێت و ئەو دەزانێت نەتەوەکەی چۆن سەیری دەکات، بۆیە بەردەوام لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات و کەموکورییەکانی بۆ راست دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو وێنایە بێت کە لەچاوی نەتەوەکەیدایە، لەمەش گرنگتر سەرکردەی کاریزمی هەست بەو راستیە دەکات کە کاریزمای ئەوەی بەرهەمی کۆمەڵێك پێداویستی گەلەکەیەتی کە ئەو پێش هەمووان کردویەتیە ئامانج بۆخۆی، بۆیە سەرکردەی کاریزمی لەوە هۆشیارە کە پێداویستی نەتەوەکەی رۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەر بۆیە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت خۆی لەگەڵ پێداویستی نەتەوەکەی پێناسە بکاتەوە، ئەمە بەرەو سیفەتێکی دیکەی سەرکردەی کارێزمیمان دەبات، ئەویش ئەوەیە سەرکردەی کاریزمی کراوەیە بەرووی گۆڕانکارییەکان و لە گۆڕانکارییەکان ناترسێت، بەڵکو پێشوازی لە گۆڕانکارییەکان دەکات و دەیەوێت خۆی لەناو گۆڕانکارییەکاندا رۆڵی سەرەکی بگێڕێت، ئەگەر لەمەدا نموونە بەیەکێك لە قوتابیانی پەروەردەی دەستی مستەفا بارزانی بهێنینەوە، دەکرێت ئاماژە بە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین، کە لەزۆر قۆناخی هەستیار و لە وەڵامدانەوەی بۆ گۆڕانکارییەکان بە ئاستێك ئامادەباشی هەبووە کە زۆر جار مەزندەی ئەوە کراوە سەرۆك موجازەفە دەکات و هێشتا کاتی ئەو گۆڕانکارییە نەهاتووە، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی بوێرانە بە رووی گۆڕانکارییەکان وەڵامدانەوەی هەبووە و پاشانیش هەر خۆی رۆڵی سەرەکی تیاگێڕاوە، هەر بۆ نموونە کاتێك لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە ئاشکرا بڕیاریدا ئاڵای کوردستان لە هەرێمی کوردستان بە فەرمی هەڵبکرێت، ئەمە گۆڕانکارییەك بوو لە واقیعی نەتەوە کە پەردەی ترسی دڕاند، هەروەها لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و بوونی هەرێمی کوردستان بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت، نەك هەر ترسی کاردانەوەی رژێمی عێراقی وروژاند، بەڵکو دەوڵەتانی دراوسێ هەڕەشەی داگیرکردنی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، بەڵام لەمیشیاندا سەرۆك مسعود بارزانی خۆی بوێرانە هاتە ناو گۆڕانکارییەکەو لە ئێوارەی ٢٠ی مارتی ٢٠٠٣ بەدەستی خۆی ئاگری نەورۆزی لەسەر قەڵای هەولێر کردەوە، ئاماژەکردن بەم دوو هەڵوێستەی سەرۆك مسعود بارزانی، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و دووبارە پێڕەوکردنەوەی ئەو پەروەردەیەی لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی فێری بووە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە سیفەتەکانی بارزانی نەمر بڕیاردانی قورس بووە لەکاتی پێویست و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و هەوڵدان بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕانکارییەکان بۆ بەرژەوەندی نەتەوە، ئەمەش بەرهەمی خەسڵەتێکی دیکەی سەرکردەی کاریزمایە کە پێی دەگوترێت (متمانە بەخۆبوون - self-confident)، کەواتە متمانە بەخۆبوون یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی مەلا مستەفا بارزانی کە بتوانێت بڕیاری قورس بدات، بەم بڕیارە قورسانەش خودی بارزانی مستەفا ببوە ئەو واقیعەی کە نەتەوە وەك پێویستیەك سەیری بکات، واتە متمانە بەخۆبوون خودی سەرکردە دەسەلمێنێت (Self-Actualization)، هەربۆیە سەلماندی خودی سەرکردە لە متمانە بەخۆبوونەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم سیفەتەش ئێستا لە سەرۆك مسعود بارزانی رەنگی داوەتەوە کە بە متمانەبوون بە خۆیی و بەئیرادەی نەتەوەکەی بەهەموو جیهان دەڵێت (گەلی من جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت قبوڵ ناکات و ئەو ئازادە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و هەر بڕیارێکیش گەلەکەم

**دیالۆگ و دانوستاندن لە بیرکردنەوەو تێڕوانینی بارزانیدا هەوڵدان بووە بۆ گەیشتنی بەرامبەر بەو قەناعەتەی کە کوردستانییەکان لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین و دەکرێت لەگەڵ عەرەب کە ئەوانیش لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین پێکەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا بژین**

**مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردە کاریزمیەکانی هاوشێوەی بارزانی ئەو پێگەی شانازی پێوە دەکەن ئەو شوێنەیە کە لەناودڵی میللەتەکەی خۆیان دەیکەنەوە**



# تێپەڕاندنی بودجەی عێراق بێ بەشداری لایەنی کوردستانی مەترسی لەسەر پێکەوە ژیان دروست دەکات

بەبێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارە کوردەکان یاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١١ دەنگی لەسەر درا، کەجێی نیگەرانی لایەنە کوردستانییەکان بوو، بەو پێیەی پرۆژە یاساکە چەندین بڕگەی نادروست و نادەستووری و تەنانەت چەندین سزای بۆ هەرێم تێدا دانراوە، تەنانەت پێشتر ڕێگا نەدرابوو بەوەی هەرێمی کوردستان بەشداری لەداڕشتنی بودجەکە بکات، بۆ تاوتوێکردنی ئەم بارودۆخە تازەیە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە حکومەتی فیدرالی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبۆوەوە و بۆ وتووێژو گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بەرامبەر ئەو پێشێلکارییەو تاکڕەوییە.

سەبارەت بەپەسەندکردنی پرۆژە یاساکەی بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٣ و خوێندنەوەی بۆ ووردەکارییەکانی بودجەکەو تێپەڕاندنی پرۆژەکە بێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارە کوردەکان؛ عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٣ بێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارە کوردەکان و لایەنەکانی دیکەی سوننە تەنیا بۆ ئەوەبوو پیشانی ئێمەی کورد و لایەنە سوننەکانی دیکەی عێراق بدەن کە هەر کاتێك بیانەوێت زۆرینە بەکاربهێنن دەتوانن لەناو پەرلەمانی عێراق بۆ سەرخستنی هەر شتێك یا یاسایەك بێت بەو شێوەیە داواکاری و داخوازییەکانمان بەپەراوێز بخەن، هەربۆیە ئەوان هەموو توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێژەی یاسایی دەنگدانەکە تەواو بکەن، بەڵام لەیەکەم ڕۆژدا لەمادەدەی (١٢) دەنگیانداو دوای مادەدەی (١٢) نیصاب شکاو نەیانتوانی بەردەوام بن بۆ ڕۆژی دووەم زیاتر توانای خۆیان خستەگەڕ و توانیان (١٧٦) ئەندام کۆبکەنەوەو دەنگیان بۆ بدەن بەبێ





عارف تەیفور بۆ (گوڵان):

## عێراق لە سێ پێکهاتەی سەرەکی دامەزراوە و هیچ لایەنێک زۆرینە نییە، بەڵام ئەوان بەپارەو بەڵێن توانیان هەندێک خەڵک بکڕن و بیبەنە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەنگیان بۆ بدەن

ئەوەی گوێبستی هیچ داواکارییەکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بن و یاساکە هەروەکو چۆن لەحکومەت هاتبوو هەر بەوشێوەیە بێ گوێدانە هیچ داواکارییەکی ئێمە گۆڕانکارییان تێدا نەکرد، تەنیا یەك خاڵ نەبێت کە ئەویش بەهۆی هادی عامرییەوە توانیمان پارەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری بەبڕی ١٥٠ ملیار دیناری دیکە زیاد بکرێت لەو بڕە پارەیەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە تەرخانکرابوو کە ( ١٧٠) ملیار دینار بوو، واتە بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ ماددەی ١٤٠ بوو بە ٣٢٠ ملیار دینارو سەرجەم ماددەکانی تر وەکو خۆی مایەوە بە ماددەی١٧٪ شەوە وەکو خۆی مایەوەو دەنگی لەسەر دراو یاساکە تێپەڕێندرا.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بەم پێشێلکارییە کە دژی خەڵکی کوردستان و داخوازییەکانی ئەنجامدرا بێ ئەوەی گوێبدرێتە بنەماکانی تەوافوقی نیشتمانی و هاوبەشیکردنی راستەقینە کە عێراقی تازەی لەسەر بنیاتنراوە پێی وابوو زۆرینە ئەمڕۆ لەعێراق نییە و نابێت بەپێی ئەو هاوکێشەیە هەڵسوکەت بکرێت لەمبارەیەوە لەدرێژەی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ گوڵان وتی: ئەمڕۆ زۆرینە لەعێراقدا نییە؛ هاوپەیمانی نیشتمانی زۆرینەیە بۆ شیعە و هاوپەیمانی کوردستانیش زۆرینەیە بۆ کوردو ئەلعێراقیەش زۆرینەیە بۆ سوننە، بەڵام هیچمان زۆرینە نین بۆ هەموو عێراق چونکە عێراق لەسەر بنەمای سێ پێکهاتەی سەرەکی دامەزراوە کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و جیاوازن، بەڵام ئەوان بەپارەو بەڵێن توانیان هەندێك خەڵك بکڕن و بیبەنە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەنگیان بۆ بدەن، بەمانە زۆرینەیان پێکهێناو یاساکەیان تێپەڕاند، چونکە زۆربەی پەرلەمانتارەکانی عێراقییەش لەگەڵ ئێمە مانەوەو نەهاتنە هۆڵی پەرلەمانەوەو لەدەرەوە مانەوە، ئەمەش بۆ



ڕەشید تاهیر بۆ (گوڵان):

**عێراق هەرچارەو بەبیانوو و پاساوێک دژایەتی هاووڵاتیانی کوردستان دەکات و زیان بەگوزەرانی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت**



نەجیبە نەجیب بۆ (گوڵان):

**لەدادگای فیدرال تانە لەو پرۆسەیە دەگرین چونکە پەسەندکردنی بودجە بەبێ ڕەزامەندی و ئامادەبوونی لایەنی کوردستانی دژی هەموو پرەنسیبەکانی پێکەوەژیان و دیموکراسییە**

لەماوەی ٧ ساڵدا کە بەبەردەوام بودجە بەتەوافوق دەردەچوو بەڵام ئەمجارەیان بێ تەوافوق بودجەکەیان تێپەڕاندوو مەبدەئی تەوافوقیان تێکدرا و هەڵیانوەشاندەوە .

سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوو لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی : (( لەتێپەڕاندنی یاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٣ کە لەکۆتایی هەفتەی رابردوو بەبێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارە کوردەکان ئەنجامدرا ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنرێت کە حکومەتی بەغداو هەندێك لەلایەنە سیاسییەکان لەعێراقدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان شەفاف نین و وەکو هەرێمێکی فیدراڵی و پێکهاتەیەکی سەرەکی مامەڵەمان لەگەڵ ناکەن، لەکاتێکدا بەپێی هەموو تەوافوقە سیاسییەکان و بڕگە یاسایی و دەستوورییەکان هەرێمی کوردستان خاوەنی حکومەت و دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکارییە. هەربۆیە من پێم وایە ئەمە سەرەتایەکی ترسناکە نەك تەنیا لەبەر ئەو ناشەفافییەت و پێشێلکارییانەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەچەند ساڵی رابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدراوە بەڵکو لەبەرامبەر سەپاندنی ئەو بڕگانەی کەتێیدا سزای بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی داناوە بەبڕینی بەشە بودجەی هەرێم گەربێتوو بەوتەی ئەوان زیانمان بەخەزێنەی حکومەتی فیدراڵ گەیاند.

بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەجێبەجێکردنی ئیلتزاماتی حکومەتی هەرێم کردوو وتی : حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە ئیلتزاماتی خۆی هەر لەداهاتەوە تاکو بەرهەمهێنانی نەوت بەرامبەر حکومەتی عێراق جێبەجێ کردووە، تەنانەت من لەگەڵ هەموو ئەو شاندە داراییانەی هەرێمی کوردستان بووم کە بەمەبەستی دیالۆگ و گەیشتن بەچارەسەر بۆ گرفتەکان لەهەرێمی کوردستانەوە چووبووە بەغدا بگرە لەسەر ئاستی باڵاو لەگەڵ نووسینگەی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری دارایی و بەرپرسانی پەیوەندار بەبودجە کۆبوونەوەو گفتوگۆمان کردوو لەهەموو دانیشتنەکانیشدا قسەکانمان بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوەو بگرە پشتگیرییان کردووین و هەموو جارێك بەشاندی هەرێمی کوردستانیان وتووە : (روونکردنەوەکانتان راستەو داواکارییەکانیشتان مافی خۆتانە و هەموو داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان راستە..)، کەچی دواتر لەرووی پراکتیکییەوە لەناو بودجەکەدا چەندین بڕگەو یاسا دادەنرێت کە دژی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و ئەو پێشکەوتنەیە کە لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە . هەربۆیە لەگەڵ پەسەندکردنی ئەو بودجەیە بەو هەموو بڕگەو یاسایانەی کە دژ بەهەرێمی کوردستان دانراوە زیان لەئابووری و بژێوی ژیانی دانیشتوانی هەرێم دەبێت . بەراستی دانانی بڕگەو ماددەکانی تایبەت بەراکێشانی هێڵی وزەی کارەباو هێڵی کێبڵی زەوی بۆ خزمەتگوزاری مۆبایل و ئەنتەرنێت و رادەستکردنەوەی ئەو ڕێژەیەی بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە لەبەرهەمهێنانی نەوت هەموو بڕگەو ماددەی نائابووری و نادەستوورییەو دژی هەرێمی کوردستانە، من تێناگەم بۆچی ئاستەنگ لەبەردەم پێدانی موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت خۆ لەهەرێمی کوردستان کۆمپانیا پێترۆڵییەکان خێرخوازی نین تا موستەحەقاتیان نەدرێت، ئەمە جگە لەو هەموو پێشێلکارییانەی تر کە لەبوار موستەحەقاتی پێشمەرگەوە ئەنجام دراوە. بێگومان هەر وەکو لەراگەیاندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، کورد مافی خۆیەتی هەموو ڕێگا دەستووری و یاساییەکان بگرێتە بەر ئەمەش بۆ بەرگریکردن لەداخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کە حکومەتی عێراق هەرچارەو بەبیانوو پاساوێك دژایەتی هاووڵاتیانی کوردستان دەکات و زیان بەگوزەرانی خەڵکی لەم هەرێمەدا دەگەیەنێت)).


پەسەندکردنی بوودجە بەو شێوەیە دژی هەموو پرەنسیبەکانی پێکەوەژیان و دیموکراسیە کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە لەم رووە نەجیبە نەجیب ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی بە گوڵانی راگەیاند: (( پەسەندکردنی بودجەو تێپەڕاندنی بێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی عێراق دژ هەموو پرەنسیبەکانی پێکەوەژیان و دیموکراسییە کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە، تەنانەت لەگەڵ ئەو ڕێکەوتنانەشدا ناگونجێت کە لەنێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی فیدرالی کوردستان سەبارەت بەبەرهەمهێنانی ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێك و پێدانی موستەحەقاتی کۆمپانیا پێترۆڵییەکانە کە لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن، ئەمەش مەترسیەکی گەورەو پاشخانێکی پڕ لەمەترسیدارە و جارێکی تر حکومەتی عێراق دەکەوێتەوە بەر پەرپرسیارێتی گەورە بەوەی لەتاکڕەویی و سڕینەوەی پێکهاتەکان بەردەوامە لەسەر حسابی پێکهاتەیەك، بودجە مەسەلەیەکی سیادییەو پەیوەندی بەهەموو گەلانی عێراقەوە هەیەو ناکرێت بەوشێوەیە قۆرخ بکرێت لەلایەن کوتلەیەکەوەو پێکهاتەیەکی گرنگی وەکو کورد بەپەراوێز بخرێت.. هەروەها ئێمە وەکو هەموو لایەنە کوردستانییەکان و پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، جگە لەوەی لەبەیاننامەیەکدا رەخنەی توندمان گرت لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی دژ بەخەڵکی کوردستان و هەرێمەکە نراوە هاوکات هەموو ڕێگایەکی یاسایی و دەستووریش دەگرینەبەر بۆ دژایەتیکردنی هەموو هەنگاوێك کە دژی هەرێمەکە دەنرێت بۆ ئەمەش لەدادگای فیدرال تانە لەو پرۆسەیە دەگرین چونکە پەسەندکردنی بودجە بەبێ رەزامەندی و ئامادەبوونی پەرلەمانتارە کوردەکان دژی هەموو پرەنسیبەکانی پێکەوەژیان و دیموکراسی یە کە عێراقی لەسەر بونیات نراوە)).

## رۆمانۆ فرانکی سەرۆکی شارەوانی مەرزەبۆتۆ بۆ گوڵان:

# دروست کردنی قوتابخانەیەک بەناوی (مەرزەبۆتۆ) لە هەڵەبجە، هێمایەکە بۆ بەردەوامبوون لە مانەوەی پێوەندییەکی دۆستایەتی درێژخایەن

رۆژی ١٦ی ئاداری ئەمساڵ (٢٥)ەمینساڵرۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، ٢٥ ساڵ لەمەوبەر شاری هەڵەبجە دوچاری هێرشێکی سەخت بۆوە کە لەو هێرشەدا رژێمی بەعس گازی کیمیاوی لە دژی میللەتی کورد بەکارهێنا، لە ئەنجامدا نزیکەی ٥٠٠٠ هاووڵاتی سیڤیلی کورد بوونە قوربانی. بەڵام خۆشبەختانە ئەوانەی کە دەستیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیەدا هەبوو، کە هەموویان سەر بە رژێمی پێشووی بەعس بوون، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ درانە دادگاو بە سزای یاسایی خۆیان گەیشتن، لە نێویشیاندا (عەلی حەسەن مەجید) کە تاوانباری سەرەکی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بوو، کە رۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کرا

هەر بە مەبەستی یادکردنەوەی ئەو کارەساتە دیمانەیەکمان لەگەڵ بەڕێز (رۆمانۆ فرانکی) سەرۆکی شارەوانی و جێگری سەرۆکی رێکخراوی کۆمەڵکوژی شاری (مەرزەبۆتۆ) ی ئیتاڵیا ئەنجامدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ وە پێوەندی جەمێلاجۆی واتە (دەستە خوشکایەتی) لەگەڵ شاری هەڵەبجەی شەهیددا بەستووە. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.



سەرۆکی شارەوانی مەرزەبۆتۆ



دیمانە: شۆرش عەزیز سورمێ - ئیتاڵیا

ئەو جۆرە قوربانیدانە دەبێ هەمیشە یادی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی لەم جۆرە روونەداتەوە ، ببێتە ئاگادارییەک بۆ تەواوی مرۆڤایەتی

هەڵەبجە دەستەخوشکی مەرزەبۆتۆ





بەستنی پێوەندیی دەستەخوشکایەتی لە نێوان شاری هەڵەبجەو شاری (مەرزەبۆتۆ)، کە لە رووی جیۆگرافیەوە زۆر لێک دوورن، بەڵام بەهۆی ئەو مێژووە درامیەی کە هەیانە تا رادەیەکی زۆر لێکنزیکن

بەیەکەوە کارکردن لە پێناو یادکردنەوە، کە ئەرکێکی واتەیی و رەوشت بەرزییە، بەتایبەتی بەرامبەر قوربانیانی بێتاوانی ئەم کارەساتە کە ژیانی خۆیان لە پێناو باشتر کردنی جیهان بەخشیوە

**گوڵان:** جەنابی سەرۆکی شارەوانی، وەک دەزانین بەستنی پێوەندیی دەستەخوشکایەتی لە نێوان شاری هەڵەبجەو شاری (مەرزەبۆتۆ)، کە لە رووی جیۆگرافیەوە زۆر لێک دوورن، بەڵام بەهۆی ئەو مێژووە درامیەی کە هەیانە تا رادەیەکی زۆر لێکنزیکن، ئەویش ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیە کە شاری مەرزەبۆتۆ لە ساڵی ١٩٤٤ بەخۆیەوە بینی زۆر لە کارەساتەکەی شاری هەڵەبجە دەچێت کە لە ساڵی ١٩٨٨ ڕوویدا. هەردوولا هەمان ئازارو مەینەتییان بینیوە، بەڕای جەنابتان لە کام دیوەوە ئەم دوو شارە دەستەخوشکە لەیەک دەچن؟

**رۆمانۆ فرانکی:** ئەو کارەساتەی کە لەشاری هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨ و لەشاری مەرزەبۆتۆ لە ساڵی١٩٤٤ دا روویدا، هەرچەندە لەلایەن دوو رژێمی جیا ئەنجام درا، یەکەمیان لەلایەن رژێمی خوێناوی سەدام حوسێن و دووەمیان لەلایەن دوو ئایدیۆلۆژیای فاشیستی و نازیستی وەک (هیتلەرو مۆسۆلینی) ئەنجامدرا، هەردوو کارەسات تاوانن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، ئەم دوو تاوانە تەنیا کاردانەوەی جەنگ نین، بەڵکو دەستی خودی ئەو بکوژەی تێدایە، کە دەیەوێت هەموو ئەو کەسانە لەناو ببات کە سەر بۆ کردەوە نادروست و توندوتیژی ئەو خاوەن دەسەڵاتە بەهێزە نانوێنن. لە کوردستانی عێراق و لە خاکی شاخاوی پۆلۆنیا، پرۆگرامێکی سەخت داڕێژرا بۆ لەناوبردنی میللەتێک کە شانازییان بە مێژوو و داب و نەریتی ئازاد و کەلتوری پێکەوە ژیان و دوور لە رەگەزپەرستی خۆیان دەکرد، کەواتە ئەو دوو شارە ئازاری زۆریان بەخۆوە بینیوە، بەڵام بە ورە بەرزی خودی هاووڵاتیانی توانییان سەر لەنوێ خۆیان و ئایندەی خۆیان دروست بکەنەوە، ئەمانە نموونەی مرۆڤایەتین. ئەوەی کە روویدا نەک تەنیا لەیاد ناکرێت، بەڵکو دەبێت بێتە ناساندن، بەتایبەتی بۆ نەوەی نوێ. ئەو خاڵانەی کە هەڵەبجە و مەرزەبۆتۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوەو پێویستە پێیەوە پابەند بن ئەمانەن: بەیەکەوە کارکردن لە پێناو یادکردنەوە، کە ئەرکێکی واتەیی و ڕەوشت بەرزییە، بەتایبەتی بەرامبەر قوربانیانی بێ تاوانی ئەم کارەساتە کە ژیانی خۆیان لە پێناو باشتر کردنی جیهان بەخشی. ئەو جۆرە قوربانیدانە دەبێ هەمیشە یادی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی لەم جۆرە روونەداتەوە ، ببێتە ئاگادارییەک بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.


**گوڵان:** شاری مەرزەبۆتۆ توانی جارێکی تر لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئامۆژگاری جەنابتان چییە ، بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی شاری هەڵەبجەی شەهید؟

**رۆمانۆ فرانکی:** بە بۆچوونی من، شاری هەڵەبجەش توانی دووبارە بژێتەوە، کەواتە لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی دوا ئاستی پێکەوەبەستنی کۆمەڵگای مەدەنی و هەستکردن بە لێپرساوێتیە لە نێو کۆمەڵگاکە، ئەویش لە رێگەی بەشداریکردن دەبێت، بەجێبەجێ کردنی بەهای جیهانی بۆ عەدالەت و رێزگرتن لە کەرامەت و بوونی تاکی مرۆڤ دێتە دی. هەروەها ئێمە پێویستمان بەوە هەیە هەلی گەشەسەندن و هەلی کار برەخسێنین، بۆ ئەوەی پێشکەوتنێکی هاوسەنگ بۆ خۆمان دابین بکەین، رێز لەو ژینگەیە بگرین کە تیایدا دەژین، بۆ دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی هەموولایەک. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە لە کارەکاندا دیراسەیەکی بێلایەنانە بکرێت، چینی دەسەڵاتیش دەبێ ببێتە نموونەیەک لە نێو کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی راستگۆیی و زیرەکی و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی نەک بۆ مەبەستی تایبەتی کار بکات.

**گوڵان:** جەنابی سەرۆکی شارەوانی، ساڵی (٢٠١٠) لە ٢٢ وەمین ساڵوەگەری کۆمەڵکوژیەکەی هەڵەبجە،



گۆڕستانی قوربانیان مەرزەبۆتۆ




سەرۆک کۆماری ئیتاڵیا (جۆرجۆ ناپۆلیتانۆ) وتی (ئیتالیا لەریزی یەکەم دەبێت لە نێو هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت یارمەتی عێراق بدەن بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری و رزگارکردنی لە مەرگەساتی شەڕ). پەیامی جەنابتان بۆ کورد بە گشتی و هاووڵاتیانی هەڵەبجەی شەهید بەتایبەتی چییە؟

**رۆمانۆ فرانکی:** ئەو پەیامەی کە دەمەوێ لە مەرزەبۆتۆوە ئاراستەی بەرێز( خدر کەریم) سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهیدی بکەم ئەوەیە، بەشداربوونی جەنابیان ساڵی رابردوو لەگەڵ شاندێکی گەورەی هەرێمی کوردستان، لە ٦٨ەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژییەکەی شاری مەرزەبۆتۆ ، جێگەی خۆشحاڵیمان بوو، هەروەها لەهەمان کاتدا بة ناوی یەکگرتوویی و دۆستایەتیمان گشت دانیشتووانانی شاری هەڵەبجەی خۆشەویست لەباوەش دەگرین. لەگەڵ دروست کردنی قوتابخانەیەک بەناوی (مەرزەبۆتۆ) لە شوێنێکی وا دوور وەکو هێمایەک، بۆ بەردەوامبوون لە مانەوەی پەیوەندییەکی دۆستایەتی درێژخایەن و هاریکاریکردنی یەکتری، لەپێناو سەقامگیربوونی ئاشتی، ئاسایش لە هەرێمەکەو هاوکاریکردن لەنێو هەموو میللەتان دژ بە جەنگ. دەبێت کورد بە ئاشتی و سەربەخۆیی و ئازادی بژین. ئەو پەیامەی کە سەرۆک کۆماری ئیتالیا (جۆرجۆ ناپۆلیتانۆ) دای هەمان بیرکردنەوەی ئێمەیە. ئاواتی ئێمە تەنیا بەردەوامبوونمان لە گرتنەبەری ئەو رێگایە نییە کە پێشتر لەسەری رۆیشتووین، بەڵکو دەبێت ئەو پەیوەندییانە بەهێزتر بکەین بۆ دابین کردنی هەلی زیاتر، بۆ گۆڕینەوەو لێکگەیشتن لە نێو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی و رۆشنبیریمان.



# کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو کاردانەوەی نێودەوڵەتی



پرۆفیسۆری هاریکار دکتۆر عەلی تەتەر نێروەیی

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵان نوسیویەتی

بە بیانووی ڕێگەگرتن لە هێرشـــە فراوانەکانی ئێران، کە بە لێشاو سەربازانی ئێرانی بەشـــدارییان تێدا دەکرد، عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنا. کاتێـــك کە کاردانەوەی جیهانی زۆر لاوازو تەنانـــەت بێدەنگی بوو، حکومەتی عێـــراق ئەم چەکەی دژ بە گوندو شـــارو خەڵکی ســـیڤیلی کوردســـتانیش بەکارهێنا، ئەو چەنـــدەش تەنانەت لەو کاتەدا بوو کە شـــەڕ لەگەڵ ئێران بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت و کوردیش توانای بەرگری نەمابوو.

وڵاتانـــی ئەلمانیای فیدراڵ، فەڕەنســـا، هۆڵەنـــدا، ئیتاڵیا، چین، بەریتانیا، بەلجیکا، هیندستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ راســـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاوکاریی عێراقیان کرد بۆ بەرهەمهێنانی چەکـــی کیمیایی. لە ئەنجامدا عێراق بوو بە گەورەتریـــن بەکارهێنەری چەکی کیمیایـــی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا و لەوەش خراپتر، بوو بە یەکەم وڵات کە چەکی کیمیایی دژ بە گەلی سیڤیلی خۆیشی بەکار هێنابێت.

بەکارهێنانـــی چەکی کیمیایی وەکـــو دیاردەیەکی تراژیدی و خوێنـــاوی مێژوویی، لە لایەك بەنـــاوی عێراق، و لە لایەکی دیکەوە پەیوەســـت بووە بە ناوی کورد و هەڵەبجە و دەیان ئاوایی و شـــوێنی سیڤیلی دیکە لە کوردســـتاندا. حکومەتی عێراقیش لە ژێر ســـەرکردایەتی سەدام حســـێن و حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی بووە بە گەورەترین و دیارترین بەکارهێنەر، کوردیش بووە بە گەورەترین و بەناوبانگترین قوربانی ئەم چەکە.

عێراق کە لە هێرشکردنی بۆ سەر ئێران وەکو دەستپێشخەریی جەنـــگ توانیبووی لە ڕەخنە و تاوانبارکردنی نێودەوڵەتی خۆی دەرباز بکات، وای دەبینی کە دەتوانێت لە چەکی کیمیاویش سوود وەربگرێت بێ ئەوەی کە لە لایەن دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان لەو کاتـــەدا تاوانبار بکرێت، یان هیچ کاردانەوەیەك پێشـــان بدرێت، هەروەها ســـەدام دەیدیت کە بەشـــێکی زۆری وڵاتانی کاریگەر بەســـەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و ئەنجوومەنی ئاســـایش، بازرگانی چەکی لەگەڵـــدا دەکەن و باش دەیزانی کە لە سزادان لەســـەر ئەم کارە کارەساتبارەی سەدەی بیستەم دەرباز دەبێت. پاش چاوپۆشی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتی عێراق ئـــەم چەکە کۆکوژەی نە تەنیا دژ بە ســـوپای ئێران، بەڵکو لە شارەکانی وەکو سەردەشت و شەلەمچە و لە ناو خاکی خۆیدا دژ بە گەلی کوردیش بەکارهێنا.

پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال (٢٣ی شوبات ـ ٦ی ئەیلوول ١٩٨٨) لە کوردستان و بەکارهاتنی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی فراوان و قەبارەیەکی گەورەوە، بەهاری ساڵی ١٩٨٨ بەهارێکی کارەســـاتبار بوو بۆ گەلی کـــورد، حکومەتی عێراق کە لە بەرەکانی جەنگی باشـــوور لەگەڵ ئێران پشتڕاست ببوو، کە ســـوپای ئێران ئیتر ناتوانێت هیچ هێرشـــێکی فراوان بۆ سەر هێزەکانی بکات، ڕووی هێزە گەورەکەی ئاڕاســـتەی کوردستانی ئازادکراو کردو بە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك، گەورەترین زنجیرە پەلاماری لەشکرییانەی بۆ سەر گەلی کورد دەست پێکرد.

حکومەتی عێراق ئامادەبوو کە هەموو شێوازێك بۆ لەناوبردنی بزاڤـــی رزگاریخوازی نەتەوەیـــی کورد بگرێتە بـــەر. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە کۆتایی شـــوباتی ١٩٨٨ گەیشـــتبوونە حکومەتـــی عێراق، گوایـــە پارتی و یەکێتی راســـپاردەیان بە ڕێکخســـتنەکانیان بـــە تایبەتی قوتابیانی زانکـــۆ دابوو کە لە ٢١ی ئادار دژ بە ڕژێم خۆپێشاندان بکەن، بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن فەرمانی بە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاکانـــی کوردســـتان دا کە بە توندتریـــن و خوێناویترین شێوە وەڵامیان بدەنەوە. بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر لە وەڵامدا دەنووسێت کە هەموو ئامادەکارییەك کراوە، بۆ هەر جۆرە پێشهات و بەرەنگاربوونەوەیەك. واتە ڕژێم خۆی بۆ ســـەرکوتکردنی کورد بە شێوەیەکی کاریگەر و فراوان ئامادە کردبوو.

لە ئۆپەراســـیۆنی ئەنفالی ١ (٢٣ی شـــوبات ـ ١٩ی ئادار ١٩٨٨) دا فشـــارێکی زۆر کەوتبـــووە ســـەر ســـەرکردایەتیی یەکێتیی نیشـــتیمانی کوردستان و بارەگاکانی. جگە لە کار بۆ خۆپێشاندانەکان، بۆ سووك کردنی ئەم فشارەو راکێشانی بەشێك لە سوپای عێراق بۆ بەرەیەکی دیکە و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی دی بۆ ســـەرکردایەتی، نەوشـــیروان مســـتەفا دەنووســـێت کە بەرنامەی ئازادکردنی هەڵەبجە بە هاوبەشـــی لەگەڵ: هێزەکانی پارتی و (حسك) و بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ فەیلەقی یەکی بەدری ســـەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دارێژرابوو و لە گەڵ ١٤ ســـەرۆك جاشـــی ناوچەکەش بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە ڕێکەوتبوون.

ئێوارەی ١٤ی ئاداری ١٩٨٨ هێزەکانی پێشمەرگە ئامادەکران و هەمان شـــەو شاری هەڵەبجە ئازادکرا، هەموو هێزەکانی عێراق لە ناو شارەکە خۆیان بەدەستەوەدا، یان هەڵاتن. ئەم چالاکییە زۆر بە ئاســـانی ئەنجام درا. حکومەتـــی عێراق بەرگرییەکی زۆری نەکرد و کاردانەوەشـــی زۆر خێرا نەبوو. حکومەت لە هێرشەکانی ئەنفالی ١ بۆ ســـەر کوردستان سووکی نەکردەوە و بەردەوام بوو. لـــە هەڵەبجەش ئارامی پێش تۆفان فەرمانڕەوا بوو. ســـەیر بوو کە ئەمجـــارە کاردانەوەی عێراق خێرا و گـــەورە نەبوو؛ چونکە هەمووجارێ عێراق بـــە توندی و خێرایی وەڵامی ئێرانی لە ناو خاکەکـــەی دەدایـــەوە، وەکو لە فاو و حاجـــی ئۆمەران وەڵامی دایەوە. ئەمجـــارە تەنیا فەوجێکی تایبەت لە گوندی (عەنەب) نزیـــك لە هەڵەبجـــەی دامەزراند، کە ســـەربازەکانی بە تەواوی دەســـتگیرکران، هەروەها لیوایەکی زرێپۆش لە تەوەری دوجەیلە ـ هەڵەبجە هێرشـــی بردبوو، بەڵام پاش تێکشکانی، بەشێکی زۆر ئەم لیوایەش لەناوچوو.

هێزەکانی ئێران لەم شەڕەدا، تەنیا هەبوونێکی ڕەمزییان هەبوو، بەڵام ئەوانیش کە چاوەڕوانی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەیان نەدەکرد، بۆ ڕای گشـــتی خۆیان و بەرزکردنەوەی ورەی لەشـــکرەکەیان، هەر زوو ئەم شـــەڕەیان لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا، بە ئۆپەراسیۆنی وەلفەجری (١٠) ناوبرد کە هێزەکانی قەرارگای قودس، فەتح و کاڤمین بە هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی ئەنجامیان داوە.

پرۆپاگەنـــدەی نابەجێی ئێران، بـــووە هۆی ئەوەی کە هەموو بیانوویەك بە سەدام حوسێن و حکوومەتەکەی بدرێت، کە ڕۆژی چوارشـــەممە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ بە ٥٠ فرۆکەی جەنگی، کە هەریەك ٤ بۆمبـــای ٥٠٠ کیلۆگرامییان هەڵگرتبوو، هەڵەبجە بە کیمیایی بۆمبباران بکەن، واتە ســـەد تەن گازی ژەهراوییان بە سەر شـــاری هەڵەبجەدا باراند. لەو ڕۆژەدا، ١٦ جار نەتەنیا ناو شـــار، بەڵکو شارۆچکە و گوندەکانی (خورمال، عەبابەیلێ، ســـەرگەڵو، بەرگەڵو، یاخسەمەر، شەمیران، ســـورێن، بالیسان، دۆڵمـــاز) و چەنـــد گوندێکی دیکە کیمیابارانکـــران. لە یەکەم کاتەکانی هێرشدا، چوار هەزار کەس بوونە قوربانی و هەزارانیش بریندارబوون، پاشـــان زیاتر لە هەزار برینداریش لە ڕێی چوونیان

**ڕێکخستنی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەوخۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینانەدا، کە بۆ زیاتر ریسوا کردنی حکومەتی سەدام حوسێن و ناساندنی کێشەی کورد بە گەلانی ئەوروپا و ئەمریکا و لە ریسواکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد و کوردستان ئەنجام دەدران**

**عێراق گەورەترین بەکارهێنەری چەکی کیمیایی بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و لەوەش خراپتر، یەکەم وڵاتیش بوو کە چەکی کیمیایی دژ بە گەلی سیڤیلی خۆی بەکار هێنابێت**

**بە هۆی بەردەوامی حکومەتی عێراق و گوێ نەگرتنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕۆژنامەی گاردیان لە ٣ی ئابی ١٩٨٨دا، لە سەروتارەکەی نووسی: کە سەرۆکی عێراق لە هیتلەریشی تێپەڕاندووە کە لە کاتی شەڕەکاندا چەکی گازی ژەهراوی بەکارنەهێنابوو**

ئێران و لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە گیانیان لە دەست دا. بەم شێوەیە زیانی گیانی ئەم هێرشە دڕندانەی حکومەتی عێراق، بە فەرمانی سەدام حوسێن، گەیشتە نزیکەی پێنج هەزار قوربانی و هەزاران بریندار و ناوچەیەکی بەرفراوانیش بە تەواوی وێران کرا.

ڕووبەری کاریگەریی ئەم هێرشە ئەوەندە فراوان بوو، کە بەشێك لەو هێزە بچووکەی کە سوپای عێراق، پێش بۆردومان بۆ نزیك هەڵەبجەی ناردبوو، بەر ئەم کیمیاویە کەوتن. بۆیە حکومەتی عێراق لە ٥ی نیسانی ١٩٨٨ داوای لە سکرتێری گشتی UN کرد، کە شاندێك بنێرێتە بەغدا، تا لە قوربانیانی چەکی کیمیایی هێرشی ئێران بۆ سەر هێزەکانی عێراق لە ٣٠ و ٣١ی ئاداری ١٩٨٨ بەهۆی فڕۆکە و تۆپخانە بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەو سەربازە بریندارانە، لەو هێزە بچووکە بوون، کە عێراق بۆ هەڵەبجەی ناردبوون و کەوتبوونە بەر کاریگەریی چەکی کیمیایی وڵاتەکەیان.

فڕۆکەوان تاریق ڕەمەزان بەکر ئەلعەزاوی کە بە فڕۆکە بەرگریی لەو هێرشەی دەکرد، دانی ناوە بەوەی کە، ئەو فڕۆکانەی بۆردومانی هەڵەبجەیان کردووە، لە فڕۆکەخانەکانی کەرکوك و موسڵ و گەیارە و فڕۆکەخانەی زانکۆی فڕۆکەوانی تکریت، هەڵسابوون. لێدانی شاری هەڵەبجە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کوردو جینۆسایدکردنی بوو؛ چونکە پاش چۆڵکردنی شارەکە لە دانیشووانی، سەرەڕای مانەوەی سەربازانی ئێران لە ناو شارەکەدا، عێراق نەك تەنیا چەکی کیمیایی لێ نەدا بەڵکو بە چەکی کلاسیکیش تۆپبارانی نەکردەوە. حکومەتی عێراق بۆ لێدانی کورد بە چەکی کیمیایی پێویستی بە هیچ بیانوویەك نەبوو؛ چونکە لە ساڵی ١٩٨٧ یش چەکی کیمیایی دژ بە گوند و گوندنشینانی سیڤیل لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بەکار هێنابوو.

بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، لە مێژووی جەنگی عێراق ـ ئێراندا؛ چونکە لاوازیی سوپای ئێرانی لە بەرگری کردن لە خۆی، لە بەرامبەر چەکی کیمیایی پیشاندا، کە بەو توانایەی لە بەردەستیان بوو، نەیانتوانیبوو خۆیان لەو چەکە کۆکوژە بپارێزن. تەنانەت ماسکە دژە گازە ژەهراوییەکانی ئێرانیش نەیتوانیبوو سەربازانی ئێران لە کاریگەریی گازی ژەهراوی بپارێزێت. ئیتر لەو کاتەدا ئێران بە شێوەیەکی جیدی بیری لە ڕاوەستاندنی جەنگ کردبووەوە.

بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی گەورەترین کارەساتی جەنگی پاش لێدانی هیروشیما و ناکازاکی بوو، کە لە کاتێکی کەمدا بە هەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی و بەدەیان هەزاریش بریندار بوون، ئەو گازە ژەهراوییانەی کە بەکارهێنران، بریتی بوون لە: گازی خەردەل، سارین، تابون، VX، سیانید هیدروجین (AC) گازی خەردەل،جگە لە سووتاندنی پێست و جەستە، مرۆڤیش کوێر دەکات و زیانێکی گەورە ش بە سییەکان دەگەیەنێت. بەڵام سارین و تابون ئیفلیجی دروست دەکات و جەستە تەشەنوج دەکات و مرۆڤ پێش مردن رشانەوەی دێت.

پاش ئەم بۆردومانە، ئێران بە هانای قوربانییەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری هات و ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە رزگارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکان و گەیاندنی وێنەی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆ جیهان. بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانە، هەموو جیهانی هەژاند. بەڵام حکومەتی عێراق و ناوەندە عەرەبییەکان هەوڵیان دەدا بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە درۆ لە قەڵەم بدەن، یان بۆردومانکردنەکەی بخەنە ئەستۆی حکومەتی ئێرانەوە. فەریقی ڕوکن ڕەعد مەجید حەمدانی، سەرکردەی سوپای (فەیلەقی) گاردی کۆماری دووەم، دەنووسێت کە پاش لێدانی هەزاران گوللە تۆپ و کاتیۆشای کیمیایی و ٧٢٠ موشەکی کیمیایی، زیانێکی زۆر گەیشتە ئێرانیەکان:

«بەڵام بەداخەوە هەندێك زیان گەیشتە هاووڵاتیانی کوردیش، کە لە ١٥٠ کەس تێدەپەڕی؛ چونکە شوێنەکەیان چۆڵ نەکردبوو.

نووسەرێکی دیکەی ڕەگەزپەرستی عەرەب، مونزر موسڵی دەنووسێت:

«کوردەکان.. هەموو دامودەزگاکانی ئیمپریالیستی، لە ڕادیۆ و تەلەفزیون و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە خزمەتیاندان و بەدرێژایی ساڵەکان، بەغدا بە چەند درۆیەکی هەڵبەستراوی وەکو درۆی هەڵەبجەو درۆی ئەنفال و ئەوانی دیکە تاوانبار دەکەن.»

ئەبو بیلال نووسەرێکی ئیسلامی جەزائیری، لە ڕۆژنامەی «النهضە الاسلامیە» ی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی (ژمارە ١٣ ڕۆژی ٢ ی حوزەیرانی ١٩٩١) دەنووسێت:

«گرنگییەکی زۆر زیادڕەوانە، بە دەوری کورد لە ناو عێراق دەدرێت و جیاوازی و هەڵبەستن سەبارەت بە کوشتاری وەهمی کە هێزەکانی عێراق لە دژیان پێی هەستاون و هەڵدەستن.. ئەگەر بەڕاستی دەردێك هەبێتن..».

لە کاتی بۆردومانکردنی هەڵەبجە، هەندێك لە هێزەکانی ئێرانیش بەرکەوتبوون. لەوکاتەدا کوردو ئێران هاوپەیمانی یەکتر بوون و عێراق نەك تەنیا ناوچەکانی ناو خاکی کوردستانی عێراق، بەڵکو گوندەکانی دوورتر لە سنووری ئێرانیشی بۆردومان کردبوو، کە هیچ پێوەندییەکی بە بەرەی جەنگی عێراق ـ ئێرانەوە نەبوو. لەلایەکی دیکەوە لەوکاتەدا حکومەتی ئێران گازی سیانیدی هیدرۆجین و گازەکانی دیکەی نەبوو کە لەم هێرشەدا بەکارهاتبوون.

**لە ١٧ی حوزەیراندا کۆنفرانسێکی گرنگ لە لەندەن سەبارەت بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەسترا، کە لە لایەن نوێنەرانی بزاڤی ئاشتی بەریتانی و ئۆروپی و لیژنەی کوردستانی هاوبەش ڕێکخرا بوو**

زۆرینەی ڕۆژنامەو دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا، وێنە و فیلمی کارەساتی هەڵەبجەیان بڵاوکردەوە. نارەزایەتییەکی گەورە لەناو رای گشتیی جیهانیدا پەیدا بووبوو، بەڵام نەبووە هۆی ئەوە کە حکومەتی عێراق ئەم چەکە دژ بە کورد بەکارنەهێنێتەوە، بەڵکو زیاتر پەرەی پێدابوو. پاش ئەم کارەساتە، حکومەتی عێراق نەتەنیا هێرشی بردە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، بەڵکو بە فڕۆکە جارێکیتر لە ئێوارەی ٦ی نیسانی ١٩٨٨ هێرشی بردە سەر ئۆردوگای زێوەی پەنابەرانی کوردی عێراق لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لە ئێران و ١٣ منداڵی کردە قوربانی، لەو هێرشەدا حکومەتی عێراق چەکی قەدەغەکراوی بۆمبی هێشوویی (عەنقودی) بەکارهێنابوو، بەڵام بەشی زۆری ئەو بۆمبانە بە هۆی کۆن بوونیان نەتەقینەوە، ئەگەرنا کارەساتێکی زۆر گەورەی لێ دەکەوتەوە. بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکەش لە ڕووی یاساکانی جیهانییەوە، لە شوێنە مەدەنیەکان قەدەغەکراون.

پاش بۆردومانکردنی هەڵەبجە، ئینجا جیهان زانی کە چ کارەساتێك ئەوە چەندین ساڵە، بەسەر کورددا هاتووە. پرۆفیسۆری ئیتاڵی لینگوسینکو داوای کرد کە:

«پێویستە ناوی ڕۆژی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، بۆ ڕۆژی بۆردومانکردنی هەڵەبجە دابنرێت»

لیژنەی (کاردری) بەریتانی دژ بە تیرۆر لە عێراق گوتی: سەدام حوسێنی تاوانبار یەکەم کەس و ڕژێمێکە کە چەکی کیمیایی دژ بە گەلەکەی لە مێژوودا بەکار هێنابێت.

لە ماوەی مانگی یەکەم پاش بۆردومانی هەڵەبجە، دەیان لایەنی فەرمی و جەماوەری لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، ئەم هێرشەیان تاوانبارکرد بوو، بەڵام تەنیا ٤ ڕۆژ پاش ئەم کارەساتەکە و لە لای دراوسێی عێراق لە کوێت، لە ٢٠ی ئاداری ١٩٨٨ کۆنگرەی باڵای وڵاتانی ئیسلامی بەسترابوو. هێشتا تەرمی هەزاران کوردی هەڵەبجەیی لە شەقامەکانی هەڵەبجەو گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا لە تاران کەوتبوونەوە و نەنێژرابوون. هەزاران بریندارییش لە نەخۆشخانەکان و هەزاران بێ سەرپەرشت و هەتیو لە مزگەوت و کوڵان و شەقامەکانی شاری سنە و شارەکانی دیکەی ئێران دەسووڕانەوە. لەم کۆنگرەیەدا باسی جەنگی ئێران و عێراق و گەلی فەلەستینی و بۆسنیا و هرزەگۆڤینیا و ئەفغانستان و چەوساندنەوەی چەند سەد برایەکی تورک لە بولگارستان بە هۆی گۆڕانی ناوی تورکی و ئیسلامی بە ناوی بولگاری کرا. بە ناوی کۆنگرە چەند برووسکەیەك ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە کرا. بەڵام سەبارەت بەم کارەساتە تراژیدییە بێدەنگ مان، هەروەك ئەو خاکە و ئەو گەلە لە ئایینی ئیسلام زۆر دوور بێ، وڵاتانی ئیسلامی تەنانەت باسیان لە ڕووخاندنی هەزاران مزگەوت و سووتاندنی هەزاران قورئانیش لە کوردستان نەکرد.

گۆڤاری (المرابطون)ی کۆمەڵەی جیهادی ئیسلامی میسری نووسیبوو:

«لە کاتی جەنگی عێراق و ئێراندا، کورد دژی عێراق پشتگیریی ئێرانی دەکرد، بە هیوای سەرکەوتنی ئێران و لاوازکردنی عێراق، تا بۆ ئەوان بڕەخسێت دەوڵەتێکی کوردی بۆ خۆیان دابمەزرێنن. ئینجا[عێراق] ناچار بوو بە چەکی کیمیایی لێیان بدات، و ئەگەر وای نە کردبا، کورد بەردەوام دەبوون لە بەرگری، و هاوکاریی ئێرانیان دەکرد»

بە بۆچوونی ئەو نووسەرە ڕەگەزپەرستانە بۆ تێکشکاندنی بەرگریی کورد بە هەر ئامراز و شێوازێك، ڕەوابووە کە لێیان بدرێت.

سکرتێری گشتیی UN و محەممەد زیائولحەق سەرۆك کۆماری پاکستان (١٩٧٨ ـ ١٩٨٨) و وڵاتانی کوریای باکوور، یوگوسلاڤیا، پارلەمانی بەنگلادیش، ئەڵمانیای فیدراڵ، وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا، کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی وارشۆ، سوڵتان قابوس سوڵتانی عومان، باڵیۆزی سوید لە UN و ئەحمەد بن بیلا یەکەمین سەرۆك کۆماری جەزایر (١٩٦٢ ـــ ١٩٦٥) و چەندین لایەنی تر ئەم کارەیان سەرکۆنەکردبوو. (هارا)ی سەرۆکی پارلەمانی ژاپۆن وێڕای سەرکۆنەکردنی عێراق وتی:

«ئەم کوشتارە بیرەوەری تاڵی ژاپۆن لە دووەمین جەنگی جیهان بە بیر دێنێتەوە، زێدەڕەویی نییە ئەگەر بڵێین کە هەڵەبجە هێرۆشیمای دووەمە. بەڵکو دەتوانین بڵێین زۆرتریشە ئەگەر جیاوازیی ئەمنی و بارودۆخەکانی دیکە لە بەرچاو بگرین».

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی زانیاری وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت (گا. ئی. گیراسیموف) لەگەڵ ڕۆژنامەی پراڤدا گوتی:

«یەکێتیی سۆڤیەت بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە ئێستاو لە ئایندەداو هەر لادانێك لە ڕێککەوتنی جنێڤ لە ساڵی ١٩٢٥ بە بێ ڕەچاوکردنی کێ ئەم لادانە دەکات و لە هەرکاودانێك تاوانباردەکات»

بەڵام هەرگیز یەکێتیی سۆڤیەت بە فەرمی و بەتایبەتی لە ئاستەکانی بەرزدا، حکومەتی عێراقی تاوانبار نەکردو باسی لە کیمیابارانکردنی کوردستانیش نەکرد.

پاش ئەوەی کە بۆ جاری دووەم فرەنسوا میتەران لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری فەرەنسا (١٩٨١ ـ ١٩٩٥) سەرکەوت، لە چاو پێکەوتنێکی ڕاگەیاندنیدا لە ڕۆژی ٦ی گوڵانی ١٩٨٨ بە توندی ڕژێمی عێراقی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سەرکۆنەکرد و گوتی ڕەنگە ئەم ڕووداوە ببێتە هۆی پێداچوونەوەی فەرەنسا بە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە فەرەنسا بە نزیکترین و گەورەترین لایەنی بازرگانی، بەتایبەتی بازرگانی چەك لەگەڵ عێراق، پاش یەکێتی سۆڤیەت دەژمێردرا.

لە بەریتانیا ٣٧ پەرلەمانتار، لە یادداشتێکدا بۆ سکرتێری گشتی UN، داوایان کرد بە پەلە لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە ڕەوانە بکات. حکوومەتی عێراقیش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ڕابگرێت و داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت ڕێز لە بڕیاری UNی ٢٣ی ئاداری ١٩٨٦ بگرێت، کە لەم بڕیارەدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە سەرکۆنە کرابوو؛ چونکە مرۆڤایەتی ناتوانێت زیاتر لەوە دان بە خۆیدا بگرێت و تەماشاچی ئەم کوشتارەی دژی هاووڵاتیانی سڤیل و بێ گوناە بێت، هەروەها داوایان کردبوو کە عێراق ناچار بکرێت، کە کارخانەکانی کیمیایی خۆی لە سامەڕا و عەکاشات ڕابوەستێنێت و پەیمانگەی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی جەنگی میکرۆبیش لە سەلمان پاك، ڕابگرێت و لە ژێر سەرپەرشتی UNدا، چەك و کۆگاکانی چەکی کیمیایی عێراق لەناو ببرێت.

جفری هاو ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە گوتارەکەیدا لە بەرانبەر UN لەسەر داماڵینی چەکی ناووکی، داوای کرد کە بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیاوی ڕێی لێ بگیرێت و ئەو کەسانەی کە بە کاریشیان هێنابوو لەو کەسانە ژماردبوو کە هیچ پێوەندییەکیان بە جیهانی شارستانییەوە نییە. لە کۆبوونەوەی پارلەمانی ئاڵمانیا لە ٢٧ی گوڵاندا، (هلموت شیڤر) جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانیا، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی وەکو تاوانێکی دڕندانە پێناسە کرد، هەروەها حزبی سۆسیالیستی ئەلمانی و حزبی کەسك لە بەیاننامەکانیاندا حکومەتی عێراقیان تاوانبار کردو حکومەتی ئەلمانیاشی بەهۆی کەمتەرخەمی لە کۆنترۆڵ نەکردنی ناردنی کەرەستە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە عێراقدا، تاوانبار کردبوو.

وتەبێژ بە ناوی حکوومەتی ئیتاڵیاوە نیگەرانی حکوومەتەکەی سەبارەت بە فراوانبوونی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەربڕی، جولیو ئەندریوتی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیتاڵیا لە وتارەکەیدا، بەرانبەر کۆنگرەی جیهانی بۆ لەناوبردنی کۆگاکانی چەکی کیمیایی ڕایگەیاند:


دانیال میتران


ئەحمەد بن بلا


جێنیفەر هاو

«بــەس نییە و دەبێ بگەینە بڕیارێکی تەواو بۆ نەهێشــتن و لەناوبردنــی چەکــی کیمیایی، جیهان بــە چاوی خۆی ئەم کارەســاتە نالەبارەی لــە جەنگی ئێران و عێراقــدا و لە ناوچە کوردیەکان بینی، لە سەر ناوچە سیڤیلەکان هەروەك لە هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق ڕوویدا بوو».

پاپــا پۆلســی دووەم (١٩٢٠ ـ ٢٠٠٥)، لــە نامەیەکدا کە ئاراســتەی لیژنەی چەککردنی UNی کردبوو، بە شێوەیەکی ئاشــکرا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ســەرکۆنەکرد و داوای لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کرد، دەســتبەجێ بۆ ڕاوەســتاندنی بەکارهێنانی ئەم چەکە تێبکۆشن و بەکارهێنانی ئەم چەکەی، بە سەرشۆڕی بۆ مرۆڤایەتی لە قەڵەم دابوو.


جولیو ئادریۆتی

هەروەهــا ئەنجومەنی پیرانی ئەمریــکا بەکارهێنانی چەکی کیمیایــی و گازی دەمار لە شــاری هەڵەبجە ســەرکۆنەکرد و ڕایگەیانــد کە UN هەواڵــی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ چەندەمین جار لە لایەن عێراقەوە پشتڕاســت کردووە و ڕاشکاوانە ڕژێمی ســەدامی بەهۆی بۆردومانکردنی هەڵەبجە تاوانبارکرد، ئەوە یەکەمین بڕیاری ئەمریکی بوو، کە بە فەرمی بەکارهێنانی چەکــی کیمیایی لــە هەڵەبجــەدا تاوانبار دەکــرد. لەوکاتەدا ڕێکخراوی پاراســتنی بریندارانی چەکی کیمیایی لە بەریتانیا، نەتەنیا ئەم کارەی تاوانبار کردبوو، بەڵکو داوای لە UN کرد، کە ســەدام حوسێن وەکو تاوانباری جەنگ بدەنە (دادگای لاهای). ئــەوە یەکێك لە یەکەمیــن ڕێکخراوە بیانییەکان بــوو، کە ئەو داوایەی کردبوو، هەروەهــا ڕۆژنامەی (اری نوی) ئیتاڵیاییش هەمان داوای دادگاییکردنی سەدام حوسێنی کردبوو.

لە ١٧ی حوزەیراندا کۆنفرانسێکی گرنگ لە لەندەن سەبارەت بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەســترا، کە لــە لایەن نوێنەرانی بزاڤــی ئاشــتی بەریتانــی و ئۆرووپی و لیژنەی کوردســتانی هاوبەش ڕێکخرا بوو. چەندین پەرلەمانتار و ســکرتێری گشتی بزاڤی نەهێشــتنی چەکی ناووکــی (CND) و دەیان کەس و ڕێکخراو بەشداربوون و بە پێشاندانی چەندان دۆکیۆمێنت لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، ڕژێمی سەدامیان تاوانبار کرد.

پیاوانی ئایینی مەســیحی کە ژمارەیان لە ٥٠٠ کەس زیادتر بــوو، لە بەریتانیا لە ٨ی ئاب ئەم کارەیان تاوانبارکردو لە دوای کۆبوونەوەکەیانــدا کە بــە ئامادەبوونی نوێنەرانی کەنیســەی بەریتانــی لــە ١٤٦ وڵات لە شــاری کۆنتربری بەســترا بوو، بەیانیەکیان دەرکردو جەختیان لەسەر پێویستی بەرەنگاربوونەوەی چەکــی کیمیایی عێراق و هەر وڵاتێکی تریان کرد، داوایان کرد کە تاوانباران دەستبەجێ سزا بدرێ.


محەمەد زیائولحەق

ســکرتێری گشتی UN بەشێکی بەرچاوی بزاڤەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ کێشەی بەکارهاتنی چەکی کیمیایی تەرخان کردبوو. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین شاندی بۆ بەرەکانی جەنگ ناردبوو، کە لەگەڵ هەردوو وڵاتی شەڕکەر کۆببوونەوە. هەر بۆ ئەم مەبەســتەش ٨ جار لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش دانیشتبوو. جارێکیتر ســکرتێری گشتی لە سەر داوای حکومەتی ئێران لە ٢١ و ٢٤ی ئاداری ١٩٨٨ شــاندێکی بۆ لێکۆڵینەوە، سەبارەت بە بەکارهاتنی چەکی کیمیایــی، ناردە عێراق و ئێران؛ چونکە گرووپی نێــردراو بەکارهاتنی ئەم چەکەیان دووپات کردبوو. ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن ســکرتێری گشــتی ڕۆژی ٢٥ی نیسان، بۆ ئەنجومەنی ئاســایش نێردرایەوەو لە دانیشــتنی ژمارە ٢٦١٢ لــە ٩ی گوڵانی ١٩٨٨، ئەنجومەنی ئاســایش بڕیاری ژمارە ٦١٢ ی، ســەبارەت بەم بابەتە دەرکرد، کە دووەمین بڕیاربوو، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سەرکۆنە دەکردو یەکەمین بڕیاریش بوو، کە بابەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی جیا لە جەنگ، خستبووە ژێر لێکۆڵینەوەو بڕیاری لە سەردابوو.

جارێکیتــر UN لە ئێوارەی ١ی ئابــی ١٩٨٨، بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی ســەر بە UN لە شــەڕی کەنداودا ئامادەی کردبــوو، حکومەتی عێراقی تاوانبارکردبوو و بەردەوامی بەکارهاتنی چەکــی کیمیایی، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە پشتڕاست کردبووە، لە نیویۆرك بە پێی ڕادیۆی BBC سکرتێری UN خەمباریی خۆی ســەبارەت بەو دەرەنجامانەی کە شاندی UN ســەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگدا وەریان گرتبوو، دەربڕیبوو و بەکارهاتنی چەکی کیمیایی دژ بــە کوردەکانی عێراقــی تاوانبارکردبوو، کــە ببووە هۆی لەناوچوونی زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس و ڕاشکاوانەش ئاماژەی بە بۆردومانکردنی هەڵەبجە دابوو.

پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە سەدام حوسێن و حکومەتی عێراق لە ســەر سیاســەتی خۆیان هەر بەردەوام بوون و هیچ ئەرزش و بەهایەکیــان بۆ ئەم گوتار و کاغەزانە دانەدەنا، بۆیە ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی نووسیبوو: کە ئەگەر زۆرینەی UN لە سەر بزاڤەکانی بۆ نەهێشتنی چەکی کیمیایی ڕاستگۆ بوایە، پێویســت بوو توندترین سزا بەســەر ئەو وڵاتە سەپێندرابا کە ئەم چەکەی بەکارهێناوە.

ڕۆژێك پاش دەرچوونی ڕاپۆرتی UN کە باس لە بەکارهێنانی چەکــی کیمیایی کردبوو و عێراقی لــە بەکارهێنانی بەردەوام و چڕوپــڕی چەکی کیمیایــی تاوانبارکردبــوو، وتەبێژ بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی:

«ڕاپۆرتــی UN لە گەڵ زانیاریەکانی ئێمە یەکدەگرنەوە.. ئێمــە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایــەن عێراقەوە کە بە پێچەوانــەی ڕێککەوتننامەی جنێڤە لە ســاڵی ١٩٢٥تۆمەتبار دەکەین و هیچ بیانوویێك بە هیچ شــێوەیەك نییە کە ئەم ڕەفتارە پەسەند بکات»

بە هــۆی بەردەوامیی حکومەتی عێــراق و گوێ نەگرتنی لــە کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی، ڕۆژنامەی گاردیــان لە ٣ی ئابی ١٩٨٨دا، لەســەروتارەکەیدا نووســی: سەرۆکی عێراق لە هیتلەریشــی تێپەڕاندووە کە لە کاتی شەڕەکاندا چەکی گازی ژەهراوی بەکارنەهێنابوو.

ڕۆژنامەی (نیویورك تایمز) لە ژمارەی ٨ی ئابدا، نووسی : ڕاپۆرتی UN دووپاتی کردەوە کە حکومەتی عێراق گازی خەردەل و ســیانیدو ڕەنگە گازی دەماریش لەم جەنگەدا بەکارهێنابێت. بۆیە پێویســتە جیهان کاردانەوەی بەرامبەر ئەم ڕووداوە هەبێت، بــەڵام عێراق کە یەکــەم دەوڵەت بوو پــاش یەکەمین جەنگی جیهــان، ئەم گازەی بەکارهێنابوو تەنیــا ڕەخنەی لێ گیراوە و ئەگەر ئەم لادانەی زۆر ئاشــکرا لە ڕێککەوتنی جنیڤی ١٩٢٥ نیگەرانییەکی زۆر دروست نەکات، بەڵام خۆ دزینەوە لەم بابەتەدا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ناتوانێت زۆر درێژەی هەبێت.

بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، دڵــی بەو لایەنانە خۆش کردبوو کەهیــچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، کەمپی سوشیالیســتی کە لە لایەن بەشــی هەرە زۆری پارت و ڕێکخراوەکانەوە بە پشتیوانی



گەلانی ئازادیخواز و بزاڤە رزگاریخوازەکان و گەلانی ژێردەست و چەوساوە دادەنرا، هیچ هەڵوێستێکی پێشان نەدا، هەروەها ڕەگەز و گرووپە ئیسلامیەکانی کوردیش بە تەواوی نائومێد بوون، کاتێك وڵاتانی ئیسلامی زۆر بە ساردی لە بەرانبەر ئەم کارەساتە بێدەنگ مان.

وەکو دیارە نە ڕەخنە و نە تاوانبارکردنی عێراق، لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، نەیتوانیبوو عێراق لەم کردەوانە و بەردەوامی سیاسەتی شوفێنی و جینۆساید دژی گەلی کورد پاشگەز بکاتەوە. لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی دەیەمی پارتی، ساڵێك پاش ئەم ڕووداوانە هاتووە:

«زۆر بەداخەوە UN بە گشتی و دەوڵەتانی بزاڤی بێلایەن بە تایبەتی، تا ئێستاش نەیانتوانیوە ڕژێمی فاشستی بەغدا لە ئیجرامەکانیاندا رابگرن، نەتەوەی کورد بەگشتی و میللەتی کورد لە عێراقدا بەتایبەتی، رەچاوی ئەوەیان دەکرد لە جیهانی ئینسانیەت و کامپی سوشیالیستی و دەوڵەتانی عەرەبی کە بە قاگعیەت ئیدانە بکەن، بەڵام داخمان ناچێت کە رۆڵی خۆیان نەدیت و ئەم هەڵوێستەیان زیان بوو بۆ گەلەکەمان و بۆ خۆیان».

لە کاتی جەنگی ساردا کورد و کێشەکەی بوونە قوربانیی ناکۆکی و ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، لە کاتی جەنگی عێراق - ئێران، هەلومەرجی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕژێمی عێراق پتر دەگونجا، لەبەر نەگونجانی سیاسەتی ئێران و ناخۆشەویستی ئەوان لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، بۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێدەنگ و بێ بزاف ڕاوەستا بوو، بەرانبەر ئەو هەموو تاوانەی کە دژ بە گەلی کورد کردبوو، هەتا بەرانبەر بە تاوانێکی گەورەی وەکو کارەساتی هەڵەبجە و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، کورد وەکو پێویست نەیتوانی سەرنجی جیهان بۆ لای کێشەی کورد رابکێشیت، سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەری بە سەر ملیۆنەها کەس لە جیهان کردبوو و لە بەشێکی زۆری دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی دەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام لە لایەن، دامودەزگا فەرمییەکانەوە وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتێکی ئەندام لە UN تەماشا دەکرا، کە ئەوانی تر مافی دەستێوەردانیان نەبێت.

لەو کاتەدا یاداشت لە دوای یاداشت لە لایەن پارتە سیاسییەکان و بەرەی کوردستانییەوە بە ناوەندە سیاسی و ڕێکخراوەکانی جیهانی دەدرا و خەباتێکی زۆردەکرا، بۆ گەیاندنی دەنگی کورد و کێشەکەی، وەڵامدانەوەی جیهانی زۆر کەمتر بوو لە گەورەیی کارەساتەکە، بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە گرنگییەکی تایبەتیان بەو کێشەیەدا بوو و بە هانای کوردەوە هاتبوون وەکو دانیال میتران ی هاوسەری فرەنسوا میتران.

ڕێکخستنی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، ڕۆڵێکی بەرچاوییان هەبوو لەوخۆپێشاندان و نارەزایی دەربڕینانەدا، کە بۆ زیاتر ریسوا کردنی حکومەتی سەدام حوسێن و ناساندنی کێشەی کورد بە گەلانی ئەوروپا و ئەمریکا و لە ریسواکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد و کوردستان ئەنجام دەدران. بەڵام تا سەدام حوسێن کوێتی داگیر نەکرد، مەترسی ئەو پیاوە بۆ سەر جیهانی شارستانیەت دیارنەبوو و وەکو پێویستیش هەڵوێست لە بەرانبەری وەرنەدەگیرا.




پرۆفیسۆر ئارام نێرگوزیان بۆ گوڵان:

# کوردی سوریا لەنێوان دوو بەرداشدان نە موعارزە دان بە مافەکانیان دەنێت نە رژێمی ئەسەدیش

پرۆفیسۆر ئارام نیرگوزیان توێژەری باڵای ستراتیژ و سەربازییە لەسەنتەری ستراتیژی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن و ئامادەکاری ئەو راپۆرتەیە کە مەترسیەکانی دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا ئامادەکردووە، نێرگوزیان تایبەتمەندە لە بوارەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و بارودۆخی سوریا و حزبوڵا و لوبنان، هەروەها زۆرجار لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە راوێژی پێکراوە، وەك شرۆڤەکارێکی نێودەوڵەتیش بەردەوام لە کەناڵەکانی PBS، VOA، CBS، BBC، CNN و ئەلجەزیرە لێدوانی لێوەردەگیرێت و لە رۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز و فاینشیال تایمز و واشنتۆن پۆست دەنووسێت، هەروەها لە گۆڤارەکانی فۆرین پۆلیسی و تایمز وتار بڵاو دەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سوریا، پەیوەندیمان بەم شرۆڤەوانە جیهانیە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** بارودۆخی سوریا خراپتر و خوێناویتر دەبێت، ئایا ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەڕوات و تاکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ دەبێت لەم ڕووەوە؟**

- ئەو شەڕەی حاڵی حازر لە سوریادا لە ئارادایە، خراپترین خەسڵەتەکانی شەڕە ناوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵگرتووە، ئەگەر بڵێین سوریا جیاوازە لە وڵاتانی دیکە، ئەوا خەسڵەتی شەڕێکی دووردرێژی هەیە، بە چەشنی شەڕی جەزائیر، یاخود بڵێین شەڕی ئیستینزافە، کە دوو لایەنی هەیە، ڕژێم و پشتیوانەکان، لەگەڵ موعارەزەدا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بیبێتەوە، کوژرانی ٧٠ هەزار کەس ژمارەیەکی زۆرە و خراپترین سیناریۆش ئەوەیە کە ئەو ژمارەیە زیاتر بێت ئەگەر شەڕەکە بۆ چەند ساڵێکی دیکە درێژە بکێشێت، کە سوریا لە ناسەقامگیری و نائارامیدا بێت. هەروەها خراپترین خەسڵەتی تائیفی شەڕی ناوخۆی لوبنانیشی هەڵگرتووە، کەواتە خەسڵەتی شەڕی جەزائیر و لوبنانی تێدا بەدی دەکرێت. ڕاستە هەموو خەڵکی سوریا تائیفی نین، چونکە خەڵکانێك هەن لە ناو موعارەزەدا کە بەڕاستی میانڕەو و دیموکراسین، هەروەها کەسانێکیش هەن لە نێو ڕژێم و پشتیوانەکان، ئیتر پێیان دەڵێیت بەعسی یان پان عەرەبیزم، کە کەسانێکی عەلمانین، بەڵام ناتوانین ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکەین کە وڵاتەکە و شەڕەکە گرێدراوی ململانێی شیعە و سوننەیە لە ناوچەکەدا، لە پەیوەندیدا بەململانێی سعودیە و ئێرانەوە. هەروەها بە سیاقێکی بەربڵاوتری ململانێی ستراتیژی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە. ئەمریکا بە حەزەرە و هۆشیارە بە ململانێی ئیقلیمی شیعە و سوننە، بۆ وڵاتانێکی وەك سعودیە. تایەفەگەری ئامرازێکی سیاسەتی دەرەکی بوو لە ناوچەکەدا،- ئەمەش ئامرازێکی دەستی ئێرانە-و ئێستاش مەترسیەکە ئەوەیە کە بۆتە سیاسەتی پیادەکراو، کە ئینتیما و ناسنامەی تائیفی بۆتە سیاسەتی ئەمری واقیع. بۆ نموونە سعودیە و ئێران هەوڵی ئەوە نادەن ڕێگری لە یەکتر بکەن، بەڵکو سعودیە و قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو خوازیاری سەرکەوتنێکی سوننین لە دیمەشقدا، لە کاتێکدا ڕژێمەکە و ئێران، دەیانەوێت ڕژێمەکە موعارەزە تێکبشکێنێت، کە سوننەکان باڵادەستن تێیدا. لە ڕواڵەتدا هەموو لایەك باسی گفتوگۆ و سیاسەت دەکەن، بەڵام لە ژێرەوە هەوڵی سەرکەوتن دەدەن، بەڵام بێ ئەوەی سەرچاوە یان توانای ئەوەیان هەبێت دەرئەنجامەکە بە بەرژەوەندی خۆیان بشکێننەوە. خراپترین سیناریۆ ئەوەیە ساڵانێك لە ناسەقامگیری و ساڵانێك لە توندوتیژی لە سوریادا درێژە بکێشێت. بەڵام ئەوە ئەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە سوننەکان دەیانەوێت پێگەیەکیان هەبێت لە دەسەڵاتدا، لە کاتێکدا عەلەوی و کەمینەکانی دیکە خوازیاری ئەوەن پێگەیەکیان هەبێت و پارێزراو بن، کەواتە من پێشبینی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی شەڕەکە دەکەم. لەبەر ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دوو دڵن لە پێدانی هاوکاری سەربازی بە موعارەزە، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەیان هەیە بکەوێتە دەستی گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە. تەنانەت ئەگەر شەڕەکە بۆ دوو ساڵیش بەردەوام بێت، ئەوا ئەمە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە بەس نییە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەوەیدا بکات. دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە بۆ ماوەی بیست بۆ سی ساڵی ڕابردوو سیاسەتێکی سەقامگیری بەرفراوانیان هەبووە لە ئاست میسر و سوریا و عێراق و، ئێستاش دووبارە ئەمریکا دەست و پەنجە لەگەڵ ئەمەدا نەرم دەکاتەوە....بۆ نموونە مەرج نییە ئەوەی خوازیارن لە سوریادا ڕووبدات، پێویست بێ ڕووبدات، ئەوان دەیانەوێت -ڕژێمێك لە سوریادا دەسەڵات بگرێتە دەست- کە مەیلی بۆ ڕۆژئاوا هەبێت و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات. ئەوان دەیانەوێت سەقامگیری بۆ لاڤانت بگەڕێتەوە، لە کاتێکدا کە تەواوی ناوچەکە لە ناسەقامگیریەکی قووڵ و لە توندوتیژیەکی پەرەسەندودایە، لە پەیوەندیدا بە ململانێی شیعەو سوننەوە. دەربارەی ئەوەی ئەمریکا چ هەڵوێستێکی دەبێت، ئەوا دەبێت لە داهاتوودا ئەمریکا بڕیار بدات، ئایا پشتیوانی لە هەڵوێستی شیعە دەکات بۆ ئەوەی براوەبن، یاخود پاڵپشتی موعارەزەی سوننە دەکات. ئەگەر خەڵکی سوریا خۆشبەخت بن، ئەوا ڕژێم و موعارەزە ئەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا، بەڵام بە مەرجێك هیچ لایەك پێشمەرجی ناواقیعی نەبێت، نابێت ڕژێمەکە پێشبینی ئەوە بکات کە بێتەسەر مێزی گفتوگۆ و هەموو شتێك بەدەست بهێنێت و نابێت موعارەزەش ئەوە بکاتە پێشمەرج کە ڕژێمەکە بێتەسەر مێزی گفتوگۆ و بە ڕۆیشتنی ئەسەد ڕازی بێت، وەك پێشمەرجێك، لەبەر ئەوەی ئەمە لە تێڕوانینی ناوەوە و دەرەوەدا وەك سەرکەوتنی یەکجاری لێکدەدرێتەوە. کەواتە کارێکی باشە ئەگەر گفتوگۆ بێ ئەو پێشمەرجانە بکرێت. سیناریۆ خراپەکە ئەوەیە گفتوگۆ لەپێناو بەدەستهێنانی کاتدا بکرێت. بەڵام وێنای سیناریۆیەکی باش بکەین، ئەوا دەبێت بڵێین زەمینەیەکی هاوبەش دەدۆزرێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی سیاسی. واتە ئەوەیە لە داهاتوودا هەوڵی واقیعی بدرێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی سیاسی.

**تایەفەگەری ئامرازێکی سیاسەتی دەرەکی بوو لە ناوچەکەدا، ئێستاش مەترسیەکە ئەوەیە کە بۆتە سیاسەتی پیادەکراو، کە ئینتیما و ناسنامەی تائیفی بۆتە سیاسەتی ئەمری واقیع**

**ئەوەی ئەمریکا خوازیارە لە سوریادا ڕووبدات، ڕژێمێک لە سوریادا دەسەڵات بگرێتە دەست کە مەیلی بۆ ڕۆژئاوا هەبێت و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات**



نابێت هاوکاری سەربازی ئامانجەکە بێت، بەڵکو ئەگەر هەر هاوکاریەکی سەربازی بکرێت، دەبێت بە ئامانجی باشترکردنی مەرجەکانی گفتوگۆ بێت، هەر شتێك بەدەر لەوە کات کوشتنە. ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوا جێی سەرسوڕمان نییە کە بۆ ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی دیکەش شەڕە ناوخۆییەکە درێژە بکێشێت.

*** کوردەکانی سوریا، وەك پێکهاتەیەکی ئەو وڵاتە لە مافەکانیان بێبەشکراون، بە تایبەتی لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا لە مافی ناسنامە بێبەشکراون، هەروەها موعارەزەی ئەم وڵاتەش ئامادەنییە مافەکانیان بسەلمێنێت، کەواتە نە دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانی رژێمەکە و نە دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانی موعارەزە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر بەرژەوەندیەکانی موعارەزە؟**

- کوردەکان لە نێوان دوو تاشەبەرددان، لەلایەك موعارەزە، بە بەراورد بە رژێمەکەی ئەسەد، هیچ ئاماژەیەکی پیشان نەداوە بەوەی بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان رازی دەبێت، لەلایەکی دیکەوە رژێمەکەی ئەسەد و هێزەکانی کەمتر تەرکیزیان لەسەر ئەو ناوچانە کردووە کە بەشێکی زۆریان کوردن، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە کوردەکان دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر بەشێك لە ئایندە و چارەنووسی خۆیاندا و وەك گرووپێکی ئیتنی ئۆتۆنۆمیان هەبێت لە باکووری سوریا. کەواتە لە دۆخێکی ئاوادا کوردەکان دەیانەوێت ئۆتۆنۆمیان هەبێت، بەڵام ئەمەش گرێدراوی یاریزانە ئیقلمیەکانە، وەك تورکیا، بۆ نموونە دە ساڵ پێش ئێستا دروستبوونی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لەسەر سنورەکانی باشوور، یەکێك بوو لە حەرامەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، بەڵام لە دوای هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، کاریان بەو قسەیە کرد کە دەڵێت ئەگەر ناتوانیت لەناویان ببەیت، کاریان لەگەڵ بکە، ئێوەش دەزانن کە ئێستاش تورکیا گەورەترین یاریزانی ئابووریە لە کورستانی عێراقدا، ئەوان هەوڵدەدەن ئەو دەرئەنجامانە لە باکووری سوریاش دووبارە بکەنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبن لەو پێگکەیشتنە جوگرافیەی لەگەڵ باکووری سوریادا هەیانە، هیچ زەمانەتێك نییە ئەمە رووبدات، ئەمە بە زۆری دەوەستێتە سەر سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، کە هەموو کەس لە وڵاتەکەدا پشتیوانی سیاسەتی ئەردۆغان یان پارتی داد و گەشەپێدان ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە تورکیا هەوڵدەدات کێشەی کورد نەکاتە بەربەستێك و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، لەمەشدا بەشێکی مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی ئایا کوردەکان ئۆپەراسیۆنی زیاتر لە خاکی تورکیادا ئەنجام دەدەن، ئەگەر وەڵامەکە بەڵی بێت، ئەوا ئەمە پەیوەندی تورکیا بە کوردەکانەوە ئاڵۆز دەکات، و ئەوەش بوارێك دەخوڵقێنێت بەلای کەمەوە بۆ هەماهەنگیکردن، ئەگەر نەڵێین هاوکاریکردن، لەپەیوەندیدا بەوەی لە ناوچە کوردیەکانی سنوری سوریا و تورکیادا روودەدات.

# مۆدێلێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراق و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیادا هەیە. لەڕاستیشدا چارەسەری پێشنیارکراو لە تورکیا زۆر دوورە لە مۆدێلی عیراق، بەڕادەیەك کە بەراوردکردن لە نێوانیاندا کارێکی ئەستەمە. لە هەرێمی کوردستان شەقام بەگومانێکەوە کەڕەنگە بگاتە رادەی نیگەرانی، دەڕوانێتە چارەسەری پێشنیارکراوی تورکیا. هۆی گومانەکەش زۆرتر بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکێکیان، چەکدامالینی هێزی پەکەکەیە کە شەقام بە چاوەڕواننەکراوو نەخوازراوی دادەنێ و ئەوەی تر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە رێککەوتنی ئاشتی پێکهێنانی هیچ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لێ ناکەوێتەوە.

دوو راستی هەیە پێویستە شەقامی خۆمان تێی بگات. یەکێکیان ئەوەیە کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد تەنها یەك مۆدێلی نییەو دەشێ هەر پارچەیەکی کوردستان مۆدێلی تایبەتی خۆی هەبێ. دووەمیشیان ئەوەیە کە کوردی هەر پارچەیەك مافی ئەوەی هەیە ئەو شێوە چارەسەرە پەسند بکا کە دەیەوێ. بەڵام راستییەکی تر هەیە کە دەبێ بەڕاشکاوی دانی پێدا بنێین، ئەویش ئەوەیە کە مۆدێلی چارەسەری پێشنیارکراوی تورکیا، بە بەراورد لەگەڵ مۆدێلی چارەسەری جێبەجێکراوی عیراق، زۆر کرچ و کاڵەو رەنگە ببێ بەمایەی دروست کردنی شۆك لەلای پان کوردستانییەکان. بەڵام دەبێ ئەوەش روون بێ کە کوردی عیراق لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا کە تێیدا دەوڵەت لەبەریەك هەڵوەشایەوە، توانیویەتی بەیارمەتیی ئەمریکا مۆدێلی خوازراوو پەسندکراوی خۆی بەسەر عیراقییەکاندا بسەپێنێ. ئەو چانسەش کە بۆ کوردی عیراق هەڵکەوتووە، دیارە بەهیچ شێوەیەك بۆ کوردی تورکیا هەڵنەکەوتووەو پێناچێ لەئایندەشدا بۆیان هەڵکەوێ. بۆیە رازیبوونی کوردی باکوور بە مۆدێلی چارەسەری پێشنیارکراوی تورکیا ئەوەندەی کەزادەی بێئومێدبوونە لە بەدەستهێنانی چارەسەرێکی باشتر، ئەوەندە زادەی باشیی خودی مۆدێلەکە نییە.

لەساڵی ٢٠٠٤ بەدواوە، مۆدێلی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراق کە زۆرتر پشت بە پێکهێنانی هەرێمێکی فیدرال دەبەستێ، بووە مۆدێلی پەسندکراوی کوردەکانی دەرەوەی عیراق بۆ رێکخستنی پەیوەندیی یاساییان لەگەڵ حکومەتەکانیان. بەڵام ئێستا کورد لەبری مۆدێلێك دوو مۆدێلی لەبەردەمدایە، یەکێکیان لە عیراق هاتۆتە دی و ئەوی تر لە تورکیا هەوڵی بەدی هێنانی دەدرێ. سەرکەوتنی مۆدێلی تورکیا هیچ چانسێك بۆ دووبارەبوونەوەی مۆدێلی عیراق ناهێڵێ، دەرفەتێکی مسۆگەرتر بۆ بەردەوامبوونی سیاسەتە ناوەندییەکان دەڕەخسێنێ و ئەگەری بوونی کورد بەمایەی هەڕەشە بۆ سەر یەك پارچەیی دەوڵەتەکان زۆر کەم دەکاتەوە.

ئەگەرچی مۆدێلی تورکیا پشت بەپێوانە ئەوروپییەکانی حوکمڕانیی لۆکال دەبەستێ، بەڵام پێوانە پەیڕەوکراوەکانی تورکیا کە زۆر پشت ئەستوورن بەدوو پرنسیپەکەی یەکسانی و ناسانترالیزم، لەچوارچێوەی مافەکانی بەڕێوەبردنی خۆماڵی و مافی رۆشنبیری ناترازێن. مۆدێلی تورکیا بە بەراورد لەگەڵ مۆدێلی هەرێمی باسك لە ئیسپانیا و هەرێمی ئێرلاندی باکوور لە بریتانیا، زۆر لەدواوەیە. لە باسك دەوڵەت مافی پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی بە باسك داوەو دەسەڵاتێکی گرنگیشی لەبواری دارایی و پیشەسازی و ئاسایشدا سەلماندووە. لە ئێرلاندی باکووریش بریتانیا بەپێی رێککەوتنی ساڵی ١٩٩٨ بڕێکی فراوانی ئۆتۆنۆمیی بەهەرێمەکە بەخشیوە تا ئەندازەی سەلماندنی مافی جیابوونەوە لەبریتانیاو یەکگرتنەوە لەگەڵ کۆماری ئێرلاند.

بەڵام گەورەترین قازانجی مۆدێلی تورکیا بۆ کوردی باکوور ئەوەیە کە لێی رادەبینرێ بتوانێ ئاشتییەکی سەقامگیرو درێژخایەن دەستەبەر بکات. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کوردی باکوور هیچ ئەلتەرناتیڤێکی باشتری لە چارەسەری پێشنیارکراو نییە. سەرەڕای ئەوەی کە چارەسەری پێشنیارکراو چارەسەرێکی نموونەیی و لە ئاستی داواکراودا نییە، بەڵام رەتکردنەوەی تەنها یەك مانای هەیە، ئەویش بەردەوامبوونی شەڕە. بۆیە لە نێوان ئاشتییەکی بەئاکام مسۆگەرو شەڕێکی بەئاکام نامسۆگەر، رەنگە بژاردەی یەکەم لە بژاردەی دووەم گونجاوتر بێ.

# ئەو هەواڵانەی لە کۆبوونەوەکەی ئیمرالی دزەیان کردووە

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



**ئەو هەواڵانەی لە ئیمراڵیەوە دزەدەکەن و ئەو دەرئەنجامانەی ئەگەری ڕوودانیان لێ دەکرێت**

قسەو باسی هەفتەی ڕابردووی وڵاتەکە لەسەریان بریتی بوو لە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵە دزەکراوانەی پێوەندییان هەبوو بەوگفتوگۆ تایبەتەی لە نێوان ئەندامانی ناسراوی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کوردی (بەدەپە)و سەرکردەی زیندانیکراوی ڕێکخراوی چەکداری کوردییەوە، پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)، کرا لە کاتی سەردانکردنیاندا بۆ دورگەی ئیمرالی کە لە ساڵی ١٩٩٩ەوە - ئۆجەلانی- تێیدا زیندانیکراوە، کە ئەو سەرکردەیە خۆی ئەم ڕێکخراوەی دامەزراندووەو تا ئەو ڕێککەوتەش خۆی ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی دەکردن، تاوەکو رۆژی دەستگیرکردنی و بە شێوەیەکی توند دادگایی کرا. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە سەرەڕای دەستگیرکردنەکەی، بەڵام سەرکردایەتیەکەی بەردەوام بوو. دوو هۆکار بۆ ئەمەش هەیە: هیچ سەرکردەیەکی هاوشان بەو ڕێکخراوە سەریهەڵنەدایەوە.

دووەم، ئەو بەرجەستەبووی یاخیبوونێك بوو لە پێناو مافەکانی کورددا، دژ بە دەوڵەتێکی بەهێزو دەسەڵاتدار و سوپایەکی باڵادەست، بەو پێیە، بوو بە هۆی یەکخستنی لایەنە جیاوازەکانی نێو بزووتنەوەی کوردی. لەوەش زیاتر، سەلماندی کە تیۆردانەرێکی بێ ڕکابەرە لە نێو هاوەڵەکانیدا کە بۆ چەندین دەیە پێشەوایەتیکردن لە هەلومەرجە سەختەکاندا دەکارا.

پێدەچێت لە ئێستادا ئۆجەلان زۆر لە پێش ئەو ناسیۆنالیستە تورك و کوردانەوە بێت کە خەمی سەروەری خاك و نەتەوەیان هەڵگرتووە. ئەو دەڵێت ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی تەڵەیەکی ئایدۆلۆجین و لەلایەن سەرمایەدارییەوە دانراون و شێوازە ڕۆژئاواییەکان بۆ گوشینی چینی کرێکاران، دەبێتە هۆی هێزلێبڕانیان و پەراوێزخستنیان، ئەویش لە پێناوی درێژەدان بە مانەوەی خۆی. لەبری ئەوە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە تەرکیز لەسەر مافە تاکەکەسیەکان، و هاووڵاتیبوون بە پێی دەستوور، بکرێت، بۆ دامەزراندنی دیموکراسیەتێك کە هەمووان تێیدا یەکسان بن و دەرفەتی بەشداری بڕەخسێنێت، کە دەبێتەهۆی ئەوەی هاووڵاتیان بەرژەوەندیان هەبێت لە پاراستنی ئەو سیستەمەی خۆیان بەشێکن لێی. تەنیا هاوشانێکی ئەو بریتییە لە سەرۆك وەزیران، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، کە بە ئاشکرا ئیدانەی ناسیۆنالیزمی کردووە کە خەڵکی نێو وڵاتەکە لێك دووردەخاتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی لە ڕووی ئیتنی و کەلتورییەوە لێکجیاوازن.

### دەرئەنجام

ئەو گفتوگۆیانەی دزەیان کردووە، سێ جۆر هەست و هەڵچوونی جیاواز دەخوڵقێنن، کە کۆمێنتی جیاوازیان لەسەرە:

١. بە داخەوە، دووبارە دەستپێشخەری ئاشتی لە ناوبردرا، تێکدەرانیش بۆ ئەو مەبەستە لە کاردان.

٢. ئەوانەی کۆنووسی کۆبوونەوەکانیان دزەپێکردووە پلانێکی خراپیان هەیە بۆ زیانگەیاندن بە کاراکتەرو نیازی گفتوگۆکاران. کوردەکان دەزانن کە ئەوان دوای چ کەسێکی خۆپەرست و خۆبە گەورەزان کەوتون، کە بە دەگمەن متمانەی پێدەکرێت. پەیامەکە بۆ کوردەکان ئەوەبوو کە ئۆجەلان دڵسۆزو جیددی نییە، وا دەردەکەوێت کە ئامادەیە بۆ ئاشتی، بەڵام ئەو لە هەوڵی خۆڕزگاکردندایە و کار بۆ ئەوە دەکات ڕێکخراوەکەی، پەکەکە، لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا بە پارێزراوی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پەکەکە ڕێکخراوی سەرەکی دەبێت بە دەستیەوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی خەباتی سەربەخۆیی بکات بۆ کوردەکانی سوریا و ئێران. کە درەنگ یان زوو کوردەکانی تورکیاش دەچنە پاڵیان.

٣. هەرچ پیلانگێڕییەك لە ئارادا بێت، دەبێت دەستپێشخەریی ئاشتی بەردەوام بێت و سەرکەوتوو بێت. ئەمە خواستی گشتی خەڵکەو پێدەچێت حکومەتیش تەواو سەرسەخت بێت لەم ڕووەوە.

خۆشبەختانە، دەرکەوت کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا هەست و ڕاڤەی سێیەم، بە بەراورد بە پرسەکانی دیکە، زیاتر لە نێو خەڵکدا بڵاوبووەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەم ڕووداوە ئاماژەبوو بەوەی کەلێنێك هەیە لە نێو پێوەندییە گشتیەکاندا لە پێوەندیدا بە ئیدارەدانی گفتوگۆکانی ئاشتیەوە. بۆ ئەوەی خۆیان لەو ڕەخنەیە لابدەن کە گفتوگۆ لەگەڵ چەکدارەکان دەکەن، حکومەت ڕایگەیاند کە ئەوە دەوڵەتە (لە ڕاستیدا دەزگای هەواڵگریە)، ئەم کارە دەکات. کەواتە پەردەیەکی نهێنی هەیە کە دادراوتەوە بەسەر ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی چییەوە کراوەو دەرئەنجامەکانی چین، ژمارەی ئەو لایەنانەی بەرژەوەندیان هەیە لە پرۆسەکەدا- کە کارێکی پێویستە- زیاد نەکراو و پلانیش بۆ ئەم کارە دانەنرا. سەرەڕای هەموو شتێك، ئایندەی تەواوی نەتەوەکە لە مەحەکدایە و ئەوان دەیانەوێت بزانن چی ڕوودەدات و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەك بێت بەشداربن لە هێنانەدی ئاشتیدا.

ئێستا کە ناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەکان ئاشکراکراون، ئەوا ئەم پرسیارانە سەرهەڵدەدەن:

١.عەبدوڵا ئۆجەلان باوەڕی وایە دەستڕۆیشتووترین یاریزانی سیاسییە لە تورکیاو سنووری نزیکدا. بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات کە قۆرخی «هەقیقەت»ی کردووە لە بارەی هەموو پرسەکانەوە. ئایا زۆرینەی کورد بە متمانەوە شوێنپێی ئەم پیاوە هەڵدەگرن؟ بەلەبەرچاوگرتنی کەسایەتیە شمولیەکەی، ئایا کورد ڕێی پێدەدەن بڕیار لە چارەنووسیان بدات، وەك ئەوەی هیچ جیاوازیەکی بیروبۆچوون و بیروباوەڕ و کەلتور لە نێوانیاندا نەبێت؟ ئەگەر وانییە، ئایا کورد داوای بەشدارییەکی بەرفراوانتر و هەمەڕەنگتر لە پرۆسەی ئاشتیدا دەکەن؟

٢. ئەوە شتێکی حەتمییە کە ئاشتی شان بە شانی گۆڕانی بونیادی گەورە دێتەئاراوە. بەڵام کەسانێکی کەم دەزانن ئەو گۆڕانکارییانە چین و تا چ ڕاددەیەکن. ئایا گۆڕانکارییەکان لە پێناوی هێورکردنەوەو بۆ ئامانجی کاتی دەبن، یاخود گشتگیر و بونیادی دەبن؟

٣. ئایا پێوەری «گۆڕان لە پێناو ئاشتی»دا چی دەبێت؟ ئایا پێوەری لۆکاڵی یان نەتەوەیی یان جیهانی دەبن؟ مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە دەبێت ئەگەر یەکەمیان بێت، لەبەر ئەوەی «پێوەری نەتەوەیی» ڕیشەی ئەو قەیرانە بەردەوامەی ئێستایە.


بەهاگەلێکی جیهانی زۆرو زەوەند لەبەردەستدان، کە پەیوەستن بە هاووڵاتی یەکسان و سەروەری یاسا و ئەو دیموکراسیەتەی مافی بەشداریکردنی تێدا مومارەسە دەکرێت: مەبەستمان لە یەکێتی ئەوروپایە. ئەگەر دوودڵی وڵاتە سەرەکیەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ قبوڵکردنی ئەندامێتی تورکیا، و نەمانی خواستی تورکیا بەهۆی ئەم دوودڵیەوە لەبەرچاو نەگرین، ئەوا ڕەنگە پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا ببنە ئامرازێکی فیعلی بۆ بنیاتنانی ڕژێمێك کە جێی ناکۆکی نەبێت. کاتێك پشتیوانی گشتی بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا گەیشتە ٧٠٪، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی ئەو کوردانەی پشتگیریان لەم ئەندامێتیە دەکرد ٢٠٪ زیاتر بوو بە بەراورد بە تورك، هۆکارەکانیش ڕوونن. هێشتان ئەوان پەرۆشتر بۆ ئەم ئەندامێتیە. کەواتە بۆچی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان نەبن؟ ڕەنگە ئەمە باشترین دەرفەت بێت بۆ ئاشتییەکی درێژخایەن لە ناوخۆداو بۆ هێنانەدی سەقامگیریەك کە زۆر پێویستمان پێیەتی. ئێستا کە ناسیۆنالیزم پەراوێزخراوە، با پێبنێینە جیهانگەراییەوە.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**پێدەچێت لە ئێستادا ئۆجەلان زۆر لە پێش ئەو ناسیۆنالیستە تورك و کوردانەوە بێت کە خەمی سەروەری خاك و نەتەوەیان هەڵگرتووە. ئەو دەڵێت ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی تەڵەیەکی ئایدۆلۆجین و لەلایەن سەرمایەدارییەوە دانراون**

**ئایا پێوەری «گۆڕان لە پێناو ئاشتی»دا چی دەبێت؟ ئایا پێوەری لۆکاڵی یان نەتەوەیی یان جیهانی دەبن؟ مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە دەبێت ئەگەر یەکەمیان بێت، لەبەر ئەوەی «پێوەری نەتەوەیی» ڕیشەی ئەو قەیرانە بەردەوامەی ئێستایە**

# سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان.. لەیەکترداب‌ڕان


د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان دەنووسێت

مەبەستی سەرەکیی لەچارەسەرکردنی ئەم بابەتە سەلامەتی و دروستیی کاری دامەزراوو دەزگاکانە،جا ئەمە لە چوارچێوەی هەر سیستەمێکی سیاسیدا بێت،دیارە ئەمەش بە پابەندبوونی تەواو بە یاساو ڕێساکان مەیسەردەبێت، کاتێك هەموو دەسەڵاتەکان لە خزمەتی گشتییدا دەبن،ئەو سێ دەسەڵاتەی کە لە وڵاتانی دیموکراتخوازدا بوونیان هەیە بەیەکەوە تەواوکەری پرۆسە دیموکراتییەکەن و لەم بازنەیەشدا یاساکان ئامانجەکانی خۆیان دەپێکن و کاروباری دەوڵەت رایی دەکەن،لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری ناکەونە ژێر باری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، واتا بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوەی لە بەغدا دەیبینین سەرتاپای لینگەقوچەو بە پێچەوانەیە، سەرۆکی حکومەت تەنیا دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی یاسادا نییە، هەرچی وەزارەتی گرنگە کەوتوونەتە دەست ئەوو بۆ ئارەزووی خۆیشی چۆنی بوێت دەسەڵات لە وەزارەتەکان کەم دەکاتەوەو پەکیان دەخات تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە،ئەو هاتووە دەست لە کاروباری دادوەرییش وەردەدات،بەشێوەیەك هەر کاتێك پێویستی پێی هەبێت لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاری دێنێت،هەرچی دەسەڵاتی یاسادانانیشە، ئەوە لەرێی فراکسیۆن و ئەندامەکانییەوە لە هەوڵی ئەوەدایە بەکارهێنانی (دەوڵەتی یاسا) کە خۆی سەر بە ئەوە،ئەم بوارەش قۆرخ بکات ئەویش بە گەڵاڵەکردنی هەندێ یاساو بڕیار کە لەبەرژەوەندیی حزبەکەی و ئەندامانی فراکسیۆنەکەیدا بێت لە هەمان کاتیشدا دژی ئەو یاسایانەش دەوەستێت و ناهێڵێت دەربچن ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەودا نەگونجێن،جا بۆ زیاتر شۆڕبوونەوە بە قووڵایی دیمەنی سیاسیی گشتی لە عیراق بە تایبەتیش کارکردنی دەزگاکانی دەوڵەت،سەیروسەمەرەترین رەفتاری سەرۆکی حکومەت دەخەینەڕوو،ئەو هەرچی دامودەزگاو دامەزراوی حکومی هەیە هەمووی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە لەمەشدا پاساوو بیانووی گوایە (یاسایی)دێنێتەوە!بە پێچەوانەی ئەوەی کە بە پێی یاسا دەبێت سەربەخۆو بێلایەن بن،لەوانەش بانکی ناوەندی و دادگای باڵا و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و دەستەی لێپرسینەوەودادوەری...تاد.

تازەترین بابەتیش کە لەم رۆژانەدا وروژێنرا و هەوڵێکی دیکەیەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی دەوڵەت تاکو ئەویش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە،مەسەلەی ریشەکێشکردنی بەعسە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا،بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە ریشەکێشکردنی دادوەر مدحەت ئەلمەحمود (سەرۆکی دادگای فیدرال)،ئەم هەڵوێستەو رەنگدانەوەکەی سەرلەنوێ رەوەشەکەی بە جۆرێکی دیکە هێنایەوە گۆڕێ،ئەو رەفتارەیشی لەبەر ئەوە بووە کە ئەو دادوەرە هەوڵی داوە رێگە لە سەرۆك وەزیران بگرێت چی دیکە دەست لەکاروباری دادگا وەرنەدات،بەڵام کاتێ زانی کە دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری بڕیاری ریشەکێشکردنی بەعس بەسەر ئەلمەحموددا ناسەپێنێت بۆیە خێرا سەرۆکایەتیی حکومەت ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندەوە،لەبەرامبەردا بڕیاری لابردنی سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەی دەرکرد لەبەر ئەوەی گوێی نەداوەتە داواکەی سەرۆك وەزیران بە دواخستنی لابردنی ئەلمەحمود! کەواتە کوا سەربەخۆیی دادگا؟کوا پیادەکردنی دادپەروەری و بێلایەنیی حکومەت و ئەرکەکەی لە سەپاندنی یاساو پابەندبوون بە جێبەجێ کردنی و کوا لۆژیکی کاراکردنی دەستوورو کاری دامەزراوەیی؟کێشەکە بە ریشەکێشکردنی سەرۆکی دادگای فیدرال و وەڵامی حکومەت بە ریشەکێشکردنی سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری کۆتایی نەهات، بەڵکو بە بەردەوام بوونی دەرئەنجامەکانی و دانانی کەسایەتییەکی دیکە لەشوێن ئەو کە بە لایەنگری حکومەت ناسراوە و ئەگەری ئەوەش هەیە کە سەرۆکایەتیی حکومەت قۆرخی بکات، بەمەش سەرۆکی حکومەت بێ گەڕانەوە بۆ یاسا دەسەڵاتی رەهای خۆی لەمەشدا پیادەبکات،ئا لێرەدا رۆڵی سەرۆکی پەرلەمان دێت تاکو لە چوارچێوەی ئەرك و ئەتەکێتی کاری پەرلەمانیدا و پشت بە یاسا قسەی خۆی بکات،بۆیە بڕیارێکی دەرکرد بە گەڕاندنەوەی سەرۆکی دەستەکە کە پێویستە بێلایەن بێت و لە چوارچێوەی پەرلەماندا کاربکات و نەکەوێتە ژێر باری هیچ کەسێکەوە،ئەم بابەتە دەمانباتەوە بۆ پرسێکی زۆر گرنگ ئەویش ئەوەیە ئەم هەرەس هێنانەی دامەزراوانە بۆچی؟ لە وەڵامی ئەمەدا پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش نەبوونی متمانەیە لە نێوان لایەن و فراکسیۆنەکان کە دەرهاویشتەی هەوڵی تاکڕەوی و قۆرخکردن دەسەڵات و پلەوپایەو پۆستی باڵایە بۆ بەرژەوەندیی حزبی دەعوەو لایەنگرانی،کە لێرەدا گەورەترین گورز بەر لە لایەنەکانی دیکە دەکەوێت کە لە دەسەڵاتدانین یاخود پلەوپایەی گرنگیان لەنێو حکومەتدا نییە کە زۆر جاریش لەژێر پەردەی تایەفەگەریدا گوتاری سیاسی لێرەو لەوێ نیشان دەدرێت کە لەراستیدا خۆی لەخۆیدا بۆنی تایەفەگەری لێدێت، بەڵام لە بەرگێکی دیکەدا،ئەوەی لە نزیکەوە ئاگای لەم سیناریۆیە بێت باش دەزانێت کە بریتییە لە ئیفلیج بوونی کاروباری دەوڵەت و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن گروپێکی شەقاوەو چەقۆوەشێنی دوور لە یاساو بنەما دەستوورییەکانی حوکم.

لەلایەکی دیکەوە ئەم و ئیفلیج بوونەی دامەزراوەکان بە بۆچوون و لێکدانەوەی بابەتیانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە

# نییە بەڵکو بێلایەنبوون و کاراکردنیانە

که مەبەست پەکخستنی دەستووره ئەویش بە سەرپێچی و پێشێلکردنی ئاشکراو پابەندنەبوون بە ماددەکانی کە بۆ بەرژەوەندیی سەرجەم تاکەکانی ئەم میللەتە هاتۆتە ئاراوە،کە ئەمەش بەو مانایەیە کە هەر تاقم و تیمێك لە دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتدا بە گوێرەی تواناو دەسەڵاتی خۆی کاریگەریی سیاسی دەسەپێنێت، بە واتایەکی دیکەی ئەو سێ دەسەڵاتە(یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری)هەر یەکەیان بە مەزاج و فەرمانی سەرۆکەکانیان رەفتارو مامەڵە دەکەن،نەك وەکو کۆمەڵەیەك کە لە خزمەتی هاووڵاتیاندابن (کە هەر دەبێت بەم شێوەیە بێت)،لێرەدا دەکەوینە بەر رۆشنایی ئەو راستییەی کە ئامانجی ئەو ململانێیە لە کۆتاییدا پەکخستنی کاروباری دامودەزگاکانە کە هەڵبەتە بە زیان و تێچوونی میللەت تەواو دەبێت،چونکە ئیش و کار دەوەستێت و گەندەڵی و بێبڕوایی لە نێو کارمەندانی دامەزراوەکاندا تەشەنە دەکات، کەواتە کار تەنیا بۆ بەرژەوەندیی حزبی سیاسی و تاقم و داروودەستەکەی دەسەڵات رایی دەکرێت و هەر لایەنەیش هەوڵ دەدات تا پێی بکرێت دەست بەسەر دەزگادا بگرێت.

پێویستە هاووڵاتیان لەوە تێبگەن کە مەبەست لە سەربەخۆیی و بێلایەنیی هەرسێ دەسەڵات مانای ئەوە نییە کە لەیەکدی دابڕێن، یان بخرێنە بەرەی دژ بەیەك هەروەك ئێستا ئەمە لە عیراقی تازەدا بەرچاو دەکەوێت،بەڵکو مانای سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتانەیە بە هەموو دامەزراوەکانیانەوە،هاوکات رێکخستنیان بە یاسا لە چوارچێوەی دەستوورێك کە دەسەڵاتی شیاوی خۆیان پێ بدات بە شێوەیەك ئیش وکاری خۆیان بکەن و ئەو ئامانجانە بپێکن کە لە پێناویاندا هاتوونەتە کایەوە،لێرەشدا پێویستە ئاماژە بە ئەرکی گەورەترین ئەو دەسەڵاتانە بکەین ئەویش دەسەڵاتی دادوەرییە کە دەبێت یاسا بکات بە بنەمای کاروباری خۆی نەك بە پێی لێکدانەوەو حەزو خولیاو بەرژەوەندی ئەم و ئەو رەفتار بکات، هاوکات ئاماژە بۆ رۆڵی پەرلەمانی هەڵبژێردراو بکەین لە بواری یاسادانان وبەرپرسیارێتییەکەی لە دەستە سەربەخۆکان لەگەڵ رۆڵی سانسۆری، بەڵام ئەمەیان لە وڵاتی ئێمەدا بەرچاو ناکەوێت،هۆیەکەشی لەوەدایە کە دەیان دادوەر لە دادگاکاندا کاردەکەن بەڵام چاویان بڕیوەتە فەرمان و ئەو گوشارانەی کە سەرەوەی خۆیان بۆیان دەردەکەن،ئەوە بێجگە لە پەیوەندیی تایبەتییان لەگەڵ بەرپرسانی دامەزراوەکانی جێبەجێ کردن بە تایبەتی سەرۆکی دەسەڵات،بۆیە بە شێوەیە ئیش و کار رایی ناکرێت و ئەو کەشتییەش بەسەلامەتی لە کەناری سەقامگیری لەنگەر ناگرێت.

خوێندنەوەمان بۆ ئەم بابەتە وێڕای ئەنجامە خوێناوی و تراژیدیایەکانی، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کاری دامەزراوەیی لە دەوڵەتێکی گەورەی وەك عیراق و لە سایەی ئەو سیستەمە سیاسییەیدا لە هەرەس و رووخان نزیك بۆتەوە و دەرئەنجامی زۆر خراپتری بەدوادا دێت ئەگەر فریای نەکەوین و رێگە بدەین بەوانەی کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا شکستیان هێناوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم رەوشە،پێویستە بوار بە میللەت بدەین تا رەفتاربکات، چونکە هەرئەوە خاوەنی ئیرادەی راستەقینەی گۆڕینی ئەم ئاراستەیەو بتوانێت دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵبژێرێت و بەمەش دەوڵەتی دامەزراوەیی کارا بنیاد بنێت کە ئەرکی سەرەکیی ئەو دەوڵەتەش بنیادنان و پێشکەوتن و بەدیهێنانی داواو داخوازییە رەواکانی میللەت بێت،نەك گاڵتەکردن بە چارەنووسی، هەروەك ئەمڕۆ لەم عیراقەدا بەدی دەکەین.

دیارە شێوازی فیدرالیەت بۆ بنیادنانی دەوڵەتی عیراق و سەرکەوتنی کاری دامەزراوەیی لە کوردستان باشترە کە بکرێت بە نموونەیەکی کاریگەرو بنیادنەر لە رێبازی رێکخستنەوەی بارودۆخەکەو دروستکردنی هاوپەیمانیی نیشتمانیی تازەو کارا لە نێوان رەوتی دیموکراسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردو سەرکردایەتییەکەی لە سۆنگەی چاوخشاندنەوە بە بەرنامەی ئاوەدانی و پەرەپێدان، بەڵام ناوەڕۆکی بەرنامەکە نابێت پشت بە سۆز و کلتووری هاوپەیمانێتی و رەگەزو بیروبۆچوون ببەستێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای تەواوکاریی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی باڵای وڵات بێت،ئەویش بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بە چاودێریی رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و تەرخان کردنی هەموو جۆرە تواناو لێهاتوویی و شارەزاییەك بۆ کارکردنی دامەزراوەکان و زیاتر پشت بەستن بە کارامەیی و عەقڵی زانستی لە تکنۆکراتەکان و بەلاوەنانی هەموو جۆرە شێوازێکی تایەفەگەری و ئینتیمای تەسکی حزبی،دواتر پابەندبوون بە یاسا و رێنمایی و رێساکانی کاری دامەزراوەیی.

لە کۆتاییدا پێویستە بەر لە هەموو شتێك نیازپاکی لە هەر هەنگاوێکی کاری دامەزراوەیی رەچاو بکرێت و پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان ئاسایی بکرێنەوەو بەو دیدە سەیری ئیشوکاری هەر یەکێکیان بکرێت کە تەواوکەری یەکدین و تۆوی دیموکراتییەت و گیانی بەرپرسیارێتیی نیشتمانی لە ناخی تاکەکانی ئەم میللەتەدا بڕوێنین و کەسی شیاوو بە تواناش ئەرکی راپەڕاندنی ئیش و کارەکان لە ئەستۆ بگرێت و لە بواری بەڕێوەبردندا رەچاوی ئاستی دڵسۆزی و وەلاوەنانی بەرژەوەندیی حزبی بکرێت و بەمەش عێراقێکی دیموکرات و پێشکەوتوو دێتە دی.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**ئەوەی لە بەغدا دەیبینین سەرۆکی حکومەت هەرچی وەزارەتی گرنگە کەوتوونەتە دەست ئەوو بۆ ئارەزووی خۆیشی چۆنی بوێت دەسەڵات لە وەزارەتەکان کەم دەکاتەوەو پەکیان دەخات،تەنانەت دەستی خستۆتە کاروباری دادوەرییەوە**

**پێویستە هاووڵاتیان لەوە تێبگەن کە مەبەست لە سەربەخۆیی هەرسێ دەسەڵات مانای ئەوە نییە کە لەیەکدی دابڕێن هەروەک ئێستا ئەمە لە عیراقی تازەدا بەرچاو دەکەوێت،بەڵکو مانای سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتانەیە بە هەموو دامەزراوەکانیانەوە**

# قەیرانی سیاسەت



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*

تایبەت بۆ گوڵان نەینووسێت

ئەو قەیرانــە مەزنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە ئێســتا ئەورووپای گرتووەتەوە، ڕەگوڕیشــەکانی لەنێو سیاسەتدایە. لەسەرەتادا گرفتە سیاسییەکان، لە چەندین وڵاتی جیاوازدا، خۆیان وەرگێڕایە سەر« سڕینەوەی » ئەو حزبە سیاسیانەی کە لە دەسەڵاتدابوون و هێنانە سەر دەسەڵاتی ئەو حزبانەی کە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بوون. لە ئیسپانیادا زاپاتیرۆ و چەپەکان کورسی دەسەڵاتیان بۆ ماریانۆ ڕاخۆی و ڕاســترەوەکان بەجێهێشــت. هەر لە هەمان کاتدا و لە فەرەنســادا، نیکۆلا سەرکۆزی و ڕاســترەوەکان کورسی دەسەڵاتیان بۆ فرانسوا هۆلاندو چەپەکان بەجێهێشــت. لێرەوە جێگۆڕکێ پێکردنەکان هاتن و سیستەمە سیاسیەکانیان هەڵوەشاندەوە.

بەڵام کاتێك براوەکان، بە چەپ و ڕاستەوە، لە ئاستی ئەم قەیرانە گەورەیەدا نابن و چارەســەری گونجاو بۆ گرفتە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکان نادۆزنەوە، ئیتر کۆمەڵگەکانــی قەیران پەنا بۆ ڕێــگای دووەم دەبەن کــە بریتییە لــە حکومەتی تەکنۆکراتــی ئیداری، کە ســەر بە هیچ حزبێکی سیاســی نییە و خۆی بە باڵاتر لە حزبە سیاســیەکان دەبینێــت. لێرەدا دەکرێت نموونــە بە یۆنان و ئیتاڵیا بێنینــەوە. لەم دوو وڵاتەدا تەکنۆکراتــەکان لەپێناوی چوونــەدەرەوە لە قەیران و مانــەوە لەنێو یەکێتــی ئەورووپادا چەندیــن پرۆژەیان خســتەکار و لە قۆناغی یەکەمدا خۆیان وادەردەخست کە سەرکەوتنی تەکنۆکراتەکان موستەحیل نییە، وەك ئەوەی کە تیمێك لــە تەکنۆکراتی دابڕاو لە بازاڕی ئازادو مێکانیسمەکانی بتوانن سیاسەتی «تەقەشوف» بەســەر کۆمەڵگــە ئەورووپیەکانــدا فەرزبکــەن. هەڵبژاردنەکانی ٢٤ ی فێڤریوەری ٢٠١٣ لە ئیتالیادا دەریانخست، پاش شکستە سەختەکەی ماریۆ مۆنتی، تاچ ئاســتێك ئەم لۆژیکە لەرزۆکــە و چۆن و بەچ شــێوەیەك لەبەرامبەر ئەکتەرە سیاســیە پیشەییەکاندا چۆکــدادەدات و فڕێدەدرێتە پەراوێزەکانــەوە. پرۆژە ریفۆرمخوازەکانی تەکنۆکراتەکان نەك هەر شکستیان هێنا، بەڵکو ئەکتەرەکانیشــی ڕووبەڕووی شکســتی تراژیــدی بوونەوە و هەمووومان تێگەشــتین لەوەی کە کۆمەڵگە ئەورووپیەکان سیاسەتی «تەقەشــوف» ڕەت دەکەنەوە.

لەهەلومەرجێکی ئاواداو کاتێك ئێلیتی سیاســی و تەکنۆکراتەکان دەستەوەسانن لەبەرامبەر گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا و کاتێك کۆمەڵگە ئەورووپیەکان، لە ئاســتی جیادا کارتی سوور بە هەر یەکێك لەم دوو ئەکتەرە دەدەن، ئیتر دەنگێکی دیکە، هێزێکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت و خۆی وەك گۆدۆی

چاوەڕوانکراو دەخاتە سەر شانۆکان. ئەم هێزەش بریتییە لە هەموو ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و کولتوریانەی کە لەدەرەوەی سیستەمی سیاسی کلاسیکیەوە دێن و گوزارشت لە چاوەڕوانی و خەونەکان دەکەن. لە ئیسپانیادا بزووتنەوەی «مەحرومەکان» بەهێزترین گوزارشتە لەم هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیە نوێیە کە بەهێزی سێیەم ناوزەدەمانکرد. گرفتی سەرەکی ئەم هێزە لەوەدایە کە بەرنامەیەکی سیاسی ڕوون و دامەزراوی نییەو داواکارییەکانی بەشێوەی کۆنکرێتی دەسنیشان نەکردووە و ئەم گرفتەش بەدڵنیاییەوە کارەکانی بۆ ئاسان ناکات.

کاتێك پرۆژە یەك لەدوای یەکەکان شکستدێنن، شکستی حزبی سیاسی کلاسیکی، شکستی تەکنۆکراتەکان، شکستی بزووتنەوەی مەحرومەکان، ئیتر هەلومەرجی بابەتیانەی دەرکەوتنی هێزێکی دیکەی سیاسی دەخوولقێت کە دەکرێت بە ((پۆپولیست)) ناویبەرین. ئەم هێزە پۆپۆلیستە لە هەموو پانتاییەکاندا کاردەکات و لەیەککاتدا لەچەپی چەپ و ڕاستی ڕاستیشدایە. بەشێکی گرنگ لە هێزەکانی چەپی چەپ لە ئەوروپادا پشتیان کردوەتە ململانێی چینایەتی و خۆیان وەك هەڵگری گوتارێکی نوێی دژ بە سەرمایەداری تێکەڵ بە ژینگەپارێزی دەخەنە سەر شانۆ سیاسیەکان. باشترین نمونەش بریتییە لە ((بەرەی چەپ)) لە فەرەنسادا کە ژان لیوك میلانشۆ ڕێبەرایەتی دەکات. هێزێکی لەم شێوەیە، بۆئەوەی بتوانێت لە پانتایی سیاسیدا ڕووبەرێک داگیربکات، پێویستی بەوەیە کە هەموو ئەو حزب و سەندیکا و ڕێکخراوانە کۆبکاتەوە کە لە ڕابردوودا کاراییان هەبووە و لە ئێستا و ئێرەدا هەڵوەشاونەتەوە.

هەروەها بەشێکی دیکەی ئەم هێزانە بریتین لە هەموو ئەو گرووپانەی کە لە ڕاستی ڕاستدان و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. سەرچاوەی شەرعیەتیان بریتییە لە ((نیشتمانیی-پۆپۆلیستی» ڕادیکاڵ. لیستی درێژی ئەم هێزە هەموو ئەو گروپانە لە خۆدەگرێت کە لە چوارچێوەی دژایەتیکردنی بێگانە، دژایەتیکردنی ئیسلام، بانگەشە بۆ ڕاسیزم، دژایەتیکردنی کۆچبەر، دژایەتیکردنی جولەکەدا خۆیان دەبیننەوە. گوتاری تەبەنیکراو بریتییە لە تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە خەونی خوارەوەی کۆمەڵگە و چینەکانی ناوەند و خاوەنکارە بچوکەکان. ڕەنگە باشترین نموونەش بریتی بێت لە ((کۆمەڵەی باکوور)) لە ئیتالیادا.

بێگومان تا ئێستاش ڕاستی ڕادیکاڵ نەیتوانیوە هەژموون بەسەر کێڵگەی سیاسی ئەوروپیدا بکات، بەڵام تائێستاش هەر بەهێزە و ڕووداوەکان لاوازیان نەکردوە. پێموایە هەڵدەکەین گەر پێمانوابێت لە داهاتویکی نزیکدا چەندین بزووتنەوەی فاشیست لەم هێزە کۆمەڵایەتیە دێنە دەرەوە و هەژموون بەسەر کۆمەڵگەکاندا دەکەن. هەر هیچ نەبێت پارادۆکسێکی توند ئەم ڕێگایەیان لێدەگرێت. ئەوان لەلایەکەوە بۆئەوەی خوارەوەی کۆمەڵگە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن دێن و گوتاری ئەنتی سیمیت و ئەنتی ئیسلام گەشەپێدەدەن، بەڵام لەهەمانکاتدا بۆئەوەی حکومەتداری بکەن ناچارن بەوەی کە ڕێز لە پرانسیپەکانی کێڵگەی سیاسی بگرن و دیمۆکراسی وەك ڕژێمی سیاسی قبوڵبکەن. هەر لەم چوارچێوەدایە کە ئەکتەرێکی سیاسی وەك ئەلێنزا نازینۆلا دو ژینفرانکۆ فینی لە ئیاتالیادا، لەڕێگای داننان بە یارییە دیمۆکراتیك و دەستووریەکانەوە، وازی لە ڕاستی ڕادیکاڵ هێناو خۆی تێکەڵ بە ڕاستی کلاسیکی کرد. هەروەها بەرەی نیشتمانی فەرەنسی کە ئێستا مارین لۆپێن سەرۆکایەتی دەکات، دەیەوێت وەك حزبێکی ڕێزگر لە دیمۆکراسی و دەستور خۆی بخاتە سەر شانۆ و پشت بکاتە ئەنتی سامی و ڕووبکاتە بەهاکانی جمهوریەت و گوتارەکانی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی چینی کرێکاران بکات.

تا ئێستا بزووتنەوەکانی ڕاستی ڕادیکاڵ نەیانتوانیوە ئەم قەیرانە گەورەیە لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن و بۆ کۆتایی هێنان بە کارەساتەکانی کۆمەڵگە قەناعەت پێبکەن کە بەتەنیا ئەوان مەسیحی ڕزگارکەرن. چەند بزووتنەوە ڕاستڕەوەکان لە ڕادیکاڵیسم دووربکەونەوە، هێندەش ئاستی سەرکەوتنیان بەرزدەکەنەوە. باشترین بەڵگە دەرەنجامەکانی سیلڤیۆ بێرلیسکۆنیە کە دەیەوێت لەیەک کاتدا پۆپۆلیستی و دیمۆکراتیش بێت. ئەو دەزانێت کە بەتەنها پۆپۆلیستیبوون یان دیمۆکراتبوون دادی نادات و ناچارە هەردوو ڕەهەندەکە بەیەکەوە ببەستێت. هەروەها لە ٢٠١٢ دا نیکۆلا سەرکۆزی لەسەر هەمان پەت یاری کرد، هەرچەند هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند، بەڵام دەیان ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا.

لەنێو ئەم هەموو بیناکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەیەی دنیای سیاسەتدا، دەنگێکی دیکەی ناوازە، تاقانە، تایبەتمەند لە سەرهەڵداندایە کە دەکرێت ناوی بنێین: پۆپۆلیستیەتی پێکەنیناوی. لە ئیتالیادا ڕێژەی دەنگەکانی بزووتنەوەی پێنج ئەستێرەی بێپ گریلۆ، ئەکتەری بەناوبانگی کۆمیدی، لە هەڵبژاردنەکانی

**سەرکردەکانی بزووتنەوەکان، هەر وەک چۆن دەکرێت ئەکتەری کۆمیدی بن ئاواش دەکرێت ئەکتەری دنیای ئابووری و وەرزشیش بن. بەڵام ئەوەی کە گومانی تیادا نییە، بەردەوام نەبوونیانە. ئەم بزووتنەوانە لەبەردەم دوو بژاردەدان: یان تێکەڵ بە کێڵگەی سیاسی دەبن و یارییەکانی دیمۆکراسی قبوڵ دەکەن، یان لەناودەچن و کۆتاییان پێدێت**

**کاتێک براوەکان، بە چەپ و ڕاستەوە، لە ئاستی ئەم قەیرانە گەورەیەدا نابن و چارەسەری گونجاو بۆ گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان نادۆزنەوە، ئیتر کۆمەڵگەکانی قەیران پەنا بۆ ڕێگای دووەم دەبەن کە بریتیە لە حکومەتی تەکنۆکراتی ئیداری**

ئەمسالّدا هەموومانی تووشی سەرسوڕمانکرد.

بێگومان ئەم دیاردەیە تازەنییەو سی ساڵ لەمەوبەر لە فەرەنسادا ئەکتەرێکی کۆمیدی بەناوی کۆلیوش لەبەرزترین ئاستدا گوزارشتی لەم ڕەوتە کردووە. خاڵە بەهێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسی، قسەکردن لە نیشتمانپەروەری، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، ڕەددکردنەوەی سیاسەتی«تەقەشوف»ی تکنۆکراتەکان. ئەوانەی کە دەنگ بەم بزووتنەوەیە دەدەن ئەکتەری کۆمەڵایەتی دژ بە سیاسەت نین و لەدەرەوەی سیاسەتدانین، بەپێچەوانەوە، خەونی ئەوان بریتییە لە گۆڕینی دەموچە دووبارەبووەکان و ڕێگادان بە دەرکەوتنی کەسایەتی تازە. ئەم بزووتنەوەیە چەند سیاسەتی «تەقەشوف» رەد دەکاتەوە، هێندەش دژایەتی بزووتنەوە ڕاسترەوەکەی بێرلسکونی دەکات و لەیەک کاتدا کۆمەڵێك دروشم لە ڕاست و کۆمەڵێك دروشم لە چەپ قەرزدەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا بەگژ هەردوولاشیاندا دەچێتەوە.

بێگومان مێژوو کۆتایی نەهاتووەو چەندین بزووتنەوەی لەم جۆرە لە داهاتوودا سەرهەڵدەدەن، وەك چۆن لە ڕابردوودا سەریان هەڵداوە. سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوانە، هەر وەك چۆن دەکرێت ئەکتەری کۆمیدی بن ئاواش دەکرێت ئەکتەری دنیای ئابووری و وەرزشیش بن. بەڵام ئەوەی کە گومانی تیادا نییە، بەردەوام نەبوونیانە. ئەم بزووتنەوانە لەبەردەم دوو بژاردەدان: یان تێکەڵ بە کێڵگەی سیاسی دەبن و یاریەکانی دیمۆکراسی قبوڵ دەکەن، یان لەناودەچن و کۆتاییان پێدێت.

لەدەرەوەی هەموو ئەم لێکدانەوانە، ڕەنگە کاتی ئەوەهاتبێت کە ئێمە لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەم قەیرانە یەك لەدوایەکانە، ئاماژەنین بۆئەوەی کە ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغی پۆست دیمۆکراسیەوە؟ ئایا بەردەوامی ئەم قەیرانانە دەرگا لەسەر دروستبوونی چەندین دیاردەی دیکە ناکەنەوە کە ڕەنگە کۆمەڵگەکانمان بخەنە بەردەم گریمانەی ترسناکی زەبروزەنگ؟

**تا ئێستا بزووتنەوەکانی ڕاستی ڕادیکاڵ نەیانتوانیوە ئەم قەیرانە گەورەیە لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن و بۆ کۆتایی هێنان بە کارەساتەکانی، کۆمەڵگە قەناعەت پێبکەن کە بەتەنیا ئەوان مەسیحی ڕزگارکەرن**

**پرۆژە ریفۆرمخوازەکانی تەکنۆکراتەکان نەک هەر شکستیان هێنا، بەڵکو ئەکتەرەکانیشی ڕووبەڕووی شکستی تراژیدی بوونەوە و هەمووان تێگەیشتین لەوەی کە کۆمەڵگە ئەورووپییەکان سیاسەتی«تەقەشوف» ڕەت دەکەنەوە**

---

*** سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**

# ئافرەت و ئایین



عەبدولڕەحمان سدیق

asidiq1962@yahoo.com

بۆ گوڵان بنووسێت

**پیاوی ئاینیی بڕوای بە سەپاندنی یەک ئایین هەیەو، لەنێو ئەو ئاینەشدا تەنها یەک ڕێباز، بەڵام زانای ئاینیی بڕوای بە ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ئایین و هەڵبژاردنی ڕێبازی ئاینیی هەیە**

**پیاوی ئاینیی بڕوای وایە کە هەر خۆی خاوەنی لێکدەرەوەی دەقەکانەو، هەر خۆیشی هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنیان، واتە لەیەک کاتدا هەر خۆی بڕیاردەرەو جێبەجێکاریشە، بەڵام زانای ئاینیی لای وایە ئەو یەکێکە لەراڤەکاران و، ئەرکیشی ئاگادار کردنەوەو هۆشیارکردنەوەیە و، ئەرکی جێبەجێکردنیش بە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەسپێرێت**

ڕەنگە ئەوە بەڵگەنەویست بێت کە خودی ئایین کێشەی لەگەڵ ئافرەتدا نییە، بەڵکو ئەوە تێگەیشتنی هەڵەیە لە ئایین کە کێشە بۆ ئافرەت دروست دەکات.

بۆیە ئەو ڕۆژەی کە خەڵك بە ئایینی ئیسلام ئاشنا بوو، ڕۆژێکی یەکجار مێژوویی و بێوێنە بوو، چونکە ئیسلام کۆتایی هێنا بەمۆنۆپۆڵکردنی حەقیقەت لای تەنها کەسێك یان لایەنێك یان توێژێك، کە هەزار ساڵی ماوەی حوکمڕانی پیاوانی ئایینی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرێك لەم بۆچوون و فەرمانڕەواییەی هێنابووە بوون.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کەدواتر ئەم جۆرە شێوازی بیرکردنەوەیە پەڕییەوە جیهانی موسڵمانان و، هەندێك لەبیرمەندانی ئیسلامیی عەرەبیش ئەم بیرۆکە ترسناکەیان تێکەڵ بە فەرهەنگی ئیسلامیی کرد، کە تا ئێستاش زیانەکانی بەرچاو دەکەون لە کار و هزری ئەو کەس و گروپانەی کە بڕوایان بە قەتیسکردنی تێگەیشتن لە ئایینە لە دەستی تەنها کەسێك یان لایەنێك.

بۆیە گرنگە ئەو ڕاستییەش بزانین کە لەئایینی ئیسلامدا پیاوانی ئایین بوونیان نییە، بەڵکو زانایانی ئایین هەن، لێرەشەوە جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەهەندێك لەو نیشانەو ڕەفتارانە بدەین کە پیاوی ئاینییان پێ جیادەکرێتەوە لە زانای ئاینیی، لەوانە:

١- ئامانجی پیاوی ئایینیی سەپاندنی تاکڕەویی ئاینیی و دیکتاتۆریی ئاینییە، بەڵام ئامانجی زانای ئاینیی پابەندبوونە بەسەلماندنی ڕاستییەکان و، ڕێزگرتن لەڕای جیاوازو، سنگفراوانیی ئاینیی و قبوڵکردنی ئەوانی دی.

٢- پیاوی ئاینیی پێی وایە شەرعیەت و باڵادەستی خۆی لە خواوە وەرگرتووە و نابێت کەس چاودێری بکات و، ڕەخنەی لێبگرێت، بەڵام زانای ئاینیی خۆی بەمرۆڤ دەزانێت و، قسەکانیشی قابیلی هەڵەن و، ڕەخنەش قبوڵ دەکات.

٣- پیاوی ئاینیی خۆی بە حاکم دەزانێت بەسەر خەڵکەوە، بەڵام زانای ئاینیی خۆی بەحەکەم دەزانێت لە نێو خەڵکدا.

٤- پیاوی ئاینیی بڕوای وایە کە تێگەیشتن و قسەکردن لەبارەی ئایینەوە تەنها لەدەستی ئەوان و پیاواندایە، بەڵام زانای ئاینیی لای وایە کە قسەکردن و تێگەیشتنی هەر کەسێکی دیکەی زاناو شارەزا چ پیاو چ ئافرەت، جێگەی بایەخپێدان و قەبوڵکردنە.

٥- پیاوی ئاینیی خۆی بەنوێنەری خودا دەزانێت لە سەر زەویدا، بەڵام زانای ئاینیی خۆی بەهەڵسووڕێنەری بەشێك لەکاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)دەزانێت .

٦- پیاوی ئاینیی بڕوای بە سەپاندنی یەك ئایین هەیەو، لەنێو ئەو ئاینەشدا تەنها یەك ڕێباز، بەڵام زانای ئاینیی بڕوای بە ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ئایین و هەڵبژاردنی ڕێبازی ئاینیی هەیە.

٧- پیاوی ئاینیی دێت دەقەکان لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤە کۆنەکاندا ڕاڤە دەکاتەوە و، گوێی لە بەرژەوەندیی مرۆڤەکان و جیاوازی شوێن و کات نییە، بەڵام لای زانای ئاینیی زیاد لە تەفسیرێك هەیە بۆ هەر ئایەتێك و، زیاد لە ڕاڤەیەکیش هەیە بۆ هەر فەرموودەیەك، لەبەر ڕۆشنایی جیاوازیی سەردەم و شوێنەکاندا.

٨- پیاوی ئاینیی بڕوای وایە کە هەر خۆی خاوەنی لێکدەرەوەی دەقەکانەو، هەر خۆیشی هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنیان، واتە لەیەك کاتدا هەر خۆی بڕیاردەرەو جێبەجێکاریشە، بەڵام زانای ئاینیی لای وایە ئەو یەکێکە لەراڤەکاران و، ئەرکیشی ئاگادار کردنەوەو هۆشیارکردنەوەیە و، ئەرکی جێبەجێکردنیش بە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەسپێرێت.

٩- پیاوی ئاینیی لای وایە دەبێت ئەوان خاوەن دەستەیەکی دینی ئەوتۆبن لە سەرووی کۆمەڵگەوە، بەڵام زانای ئاینیی بڕوای وایە کە ئەوان خاوەن ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکن لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا، بۆ ڕێنماییکردنی هەردوولایان.

١٠- پیاوی ئاینیی دەست دەخاتە وردەکاریی ژیانی تاك و بڕیارەکانی دەسەڵاتەوەو یەك بژاردە فەرز دەکات، بەڵام زانای ئاینیی هێڵە گشتییەکانی ئایین و، زیاد لەڕێگە چارەیەك بۆ هەر کێشەیەك دەخاتەڕوو، تاك و دەسەڵاتیش سەرپشك دەکات لە هەڵبژاردنی باشترینیان.

١١- پیاوی ئاینیی دوو قسەی هەیە، یەکێکیان نهێنی و بۆ بازنە تەسکەکانی دەوروبەرێتی، یەکێکیشیان ئاشکرایەو بۆ دەرەوەیەتی، بەڵام زانای ئاینیی یەك قسەی ڕاست و ڕەوانی هەیەو، ئەوەی لە دڵێتی لەسەر زارێتی و، بۆ دوور و نزیك یەك قسەی هەیەو، گوێی لە لۆمەی خەڵك و ترسی هیچ دەسەڵاتێك نییە.

١٢- پیاوی ئاینیی بەردەوام دوور لە ئەقڵ، خەریکی نەقڵ کردنی نموونە وەهمی و خەیاڵاوییەکانە کە لە واقیعدا بوونیان نییە و نابێت، بەڵام زانای ئاینیی باس لە واقیع دەکات و، بەئەقڵ نموونەکانی ڕابردوومان بۆ نەقڵ دەکات.

لەبەر ئەم هۆیانە پێویستە هەمیشە هەماهەنگیی و ڕۆڵی تەواوکاریی هەبێت لە نێوان زانای ئاینیی ڕاستەقینەو ئافرەتانی چالاکوان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەتان.

# هەوڵێک بۆ تێگەیشتن و گفتوگۆ لەبارەی وروژمی فەتوا دانەوە



ئازا حەسیب قەرەداخی

بۆ هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

هەرچەندە پرسێکی کۆنە و لە دۆخ و قۆناغی جیاجیادا و تەنانەت بە بەردەوامی، بەڵام پچڕ پچڕ، گوێمان لە فەتوای حەرامکردن دەبێ، بەڵام ماوەیەکە، کۆمەڵگای کوردستان رووبەڕووی وروژمێکی سەرنجڕاکێشی فەتوای حەرامکردن بۆتەوە.
ئەم لێشاوە لە فەتوا کە نزیکەی گشت کایە و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری گرتۆتەوە، بێ مەڵامەت و بۆنە و هۆکار نییە. بۆیە پێویستە لەلایەن دامودەزگای پەیوەندیداری حکومەتی هەرێم و ناوەندە زانستییەکانی زانکۆ و کۆمەڵگای مەدەنی و خودی وەزارەتی ئەوقاف و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئایینی و ئیسلامییەوە، بە وردی لێی بکۆڵرێتەوە و توێژینەوەی زانستی و کێومالی کۆمەڵایەتی بۆ بکرێ و لە ئاستی هۆکارە سەرەکی و هۆکارە لاوەکییەکان و پێدراوەکانیدا هەڵوەستە بکرێ و دەرەنجامەکانی شی بکرێنەوە و بزانرێ دواجار چی لێ دەکەوێتەوە.

**هەندێ نموونە**

مەلایەک لە دژی جەژنی نەورۆز فەتوای حەرام کردن دەردەکات و هەر لە بناغەوە بە جەژنی دانانێ و یادکردنەوە و ئاهەنگێڕانیش بەو بۆنەیەوە بۆ موسڵمانانی بە جائیز نازانێ.
لە کن ئەو مەلایە، نەک هەر نەورۆز بیدعەیە بەڵکو هەموو بۆنە و جەژنێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ناشەرعین و دەڵێ نەک هەر بەبەشداری و یادکردنەوەی بەڵکو تەنانەت هەر کەسێکیش لە نەورۆزدا شتێک بکرێ کە پێشتر نەیکرێوە، بەو کارەی کافر دەبێ.
ئەم مەلایە بۆ سەلماندنی بیدعەی نەورۆز بەڵگە دەهێنێتەوە کە (کاوەی ئاسنگەر) کافر بووە و هەر کەسێ شانازی پێوە بکات ئەوا ئەمیش وەکو ئەو کافر دەبێ. هەرکەسێک تەشەبوە بە کاوەوە بکات و ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە بگێڕێ وەکوو ئەوی لێ دێ و لەگەڵ ئەودا حەشر دەکرێ. هەروەها دەڵێ مادەم پێغەمبەر (د.خ) و سەحابە و تابعینی سەلەف (رەحمەتی خوایان لێ بێ) نەورۆزیان یاد نەکردۆتەوە کەواتە بیدعەیە و هەرچی ئەوان نەیان کردبێ گومڕایی لە دوایە و موسڵمان تووشی ئاگری جەهەننەم و دۆزەخ دەکات، وەکو بڵێی ئەم مەلایە لەبیری نەبێ ئەو زاتانەی ئاماژەی پێکردوون عەرەبن و زۆر ئاساییە نەورۆز، بەشێک نەبووە لە کولتوور و بەرخودانی مێژوویی ئەوان بۆیە یادیان نەکردۆتەوە،. یان وەکو بڵێی ئەم مەلایە نازانێ عاقیبەی قسە و ئەحکامەکانی بەسەر خۆیشیدا چۆن دەشکێتەوە، چونکە زۆرن ئەو کار و کردەوانەی لەم سەردەمەدا ئەم مەلایە دەیانکات ئەو زاتە پیرۆزانە لە سەردەمی خۆیاندا نەیانکردووە. لانی کەمیان سواربوونی ئۆتومبێل و فڕۆکە و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و قسەکردن بە مۆبایل و وێنەگرتنی ڤیدیۆیی و چەندینی دیکەیە.
مەلایەکی دیکە بۆ ناشیرین کردنی وجودی ژنان فەتوا دەدات و وەهای لێکدەداتەوە کە هەر لە بنەماوە ژنان موفسیدن و کۆمەڵگای موسڵمان و ئیمانداری کوردی تێک دەدەن. ئەگەر ژنان نەبن ئەوا کۆمەڵگای ئێمە (بە خوا زۆر بە ئیمانە)!!.
یەکێک لەو مەلایانە دەیەوێ بیسەلمێنێ کە فێڵی ئافرەتان زۆر مەزنە کەچی فێڵی شەیتان لاوازە، کەواتە ژن لە شەیتان مەترسیدارترە و پێویستە پیاوان خۆیان لە خراپەی ئافرەت بپارێزن چونکە ئەوە ئافرەتە، نەک شەیتان، کە پیاو تووشی گوناه دەکات و سووکی دەکات.
ئەم مەلایە مەگەر نازانێ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێ (ان الجنه تحت اقدام الامهات)، دایکانیش، ئافرەتن ئافرەت.
ئایا ئەم مەلایە دەزانێ چ تەشهیرێک بە کەرامەت و کەسایەتی دایکان و خوشکان و هاوسەرانی هەمووومان دەکات؟! کە ئەگەر دادوەری گشتی لێی بێتە دەنگ دووچاری چ سزایەکی گەورەی دەکات؟!
مەلایەکی دیکە لە دژی دەرکەوتنی ئافرەت لە تەلەفزیۆن و یەکێکی دیکە لە دژی زنجیرەی تەلەفزیۆنی و کتێب و شیعر و، مەلایەک گۆرانی تۆمەتباردەکات بەوەی مرۆڤ لە خوا و مزگەوت و قورئان دوور دەخاتەوە و دەڵێ هیچ شتێک وەکو گۆرانی خەڵک لە دین دەرناکات..
یەکێکی دیکە وێنەگرتن و وێنە هەڵواسین حەرام دەکات. ئەوەتا دەڵێ: رەسم و وێنە لە ماڵەکانمان تاوانێکی گەورەیە. وێنەگرتن جگە لەوەی ناشەرعی و حەرامە، تاوان

و مەفسەدەی لێ دەکەوێتەوە. هەموو کەسێ هەر موجەڕەد کە وێنە دەگرێ، فاسیق و کافر دەبێ و تاوانێکی گەورەی کردووە.

ئایا ئەم مەلایە دەزانێ بەم قسەیەی چەند کەس کافر و فاسیق دەردەچن؟ بڕوا ناکەم تەنیا یەك کەسیشمانی لێ دەربچین بە خودی ئەم مەلایەشەوە.

ئەم مەلایە هەر لەو کاتەدا کە خۆی خەڵك کافر دەکات، لەبەرامبەریدا کەسێك بە کامێرای تەلەفزیۆن وێنەی دەگرێ و دواییش ئەم خوتبەیەی لە یوتوپ و فەیسبووك و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە تەلەفزیۆنەکانیشەوە پەخش دەکرێ. یەکێکی دیکە تێکەڵبوون لە زانکۆکان حەرام دەکات و زانکۆ بە شوێنی ناشەرعی و مامۆستایانی زانکۆ بە گورگ و پەروەردەی مەیخانەکان ناوزەد دەکات...

ئەمانە تەنیا مشتێکی یەکجار بچووکن لە خەروارێکی گەورە کە کۆکردنەوەیان چەندین بەرگ کتێبی گەورەیان گەرەکە. شان بەشانی هەموو ئەم فەتوایانە دەرهەق بە کایە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، فەتوای سیاسی پۆشراو بە شەرعی ئایینیمان زۆرن و پەلیش دەهاون بۆ پێکهاتە ئایینییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگای کوردستان.

## هۆکارەکان

گەڕان بە دوای هۆکارەکانی هەڵکشانی ئەم لێشاوە لە فەتوای حەرامکردن وا دەخوازێ لەو دۆخە کۆمەڵایەتی و ژینگە سیاسییە بکۆڵرێتەوە کە زەوینەی لەبار و گونجاویان بۆ بەرپا بوون و هەڵکشانی رەخساندووە.

لەمبارەیەوە جگە لە هۆکاری دەرەکی، بەتایبەتیش ئەو هۆکارانەی بەرهەمی گۆڕانکارییەکانی بەشێك لە وڵاتانی عەرەبین لە ناوچەکەدا کە بووژانەوەی رەوتە سەلەفی و سەلەفییە جیهادییەکان و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیخوانەکانەوە دیارترین بەرەنجامەکانیانن و بوونەتە هاندەر بۆ خۆنمایشکردنی گوتاری سەلەفی لە هەرێمی کوردستانیشدا، من چەند هۆکارێك دەخەمە روو کە زیاتر خۆماڵین، دڵنیاشم کە هەر ئەمانە هۆکار نین، بەڵام بەلای منەوە ئەمانەیان سەرەکین و دەشێ چەندینی دیکەیش هەبن کە نووسەر و لێکۆڵەرەوانی دیکە پەی پێ دەبەن.

## سیاسەتی حکومەتی هەرێم و هەر دوو حزبی حوکمڕان

سیاسەتی حکومەتی هەرێم، هەڵبەت لەپشتەوەی حکومەتیش سیاسەتی هەر دوو حزبی حوکمڕان تا ئەم ساتەیش، سستمی سیاسی کوردستانی بە مۆلەقی لەنێوانی مۆدێلە جیاجیاکانی حوکمڕانیدا هێشتۆتەوە و بەلایەکیدا نەختووە.

حکومەت پاساوی بۆ ئەمە هەیە و بەشێك لەو پاساوانەیش واقعین و لە هەڵکەوتی کۆمەڵگا و بەها و پێوەر و بڕوایی زۆرینەوە چاوگیان گرتووە. وەلێ ئەم جۆرە فەتوایانە لەگەڵ پەرەسەندنی فیکری ئیسلامی و رۆشنگەری ئایینی و ئەحکامی زەروورەتی گەشەکردنی کۆمەڵگای ئینتیقالی و لێکەوتەکانی گەشەکردندا نایەنەوە. بۆیە ناکرێ نزیکبوونەوەی رەخنەیی یان یاسایی لەم فەتوایانە وەها لێکبدرێتەوە کە کێشەی ئایینیان لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها کێشەیەکی مەنهەجییە کە وابزانرێ سەلەفییەت تەنیا لە کایەی شەرحی کۆمەڵایەتی شەرع و ئایینداکار دەکات و دەخالەت لە سیاسەت و دەسەڵاتدا ناکات. بە دەلیلی ئەوەی دەمێکە لە وڵاتانی عەرەبی سەلەفییەتی جیهادی دروست بووە و یەکەمین نیشانەیشی تەکفیرکردن و جیهادە لە دژی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی.

بۆیە لەلایەکەوە موجامەلەکردنی بێ مەرجی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ هەموو مەلاکان بەیەك پێوانە و لەلایەکی تریشەوە خۆپارێزی لەلێپرسینەوەی یاسایی بەرامبەر ئەو مەلایانەی ئەم جۆرە فەتوایانە دەدەن، هەروەها بێدەنگ بوونی میدیا و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو دوو حزبە حوکمڕانە لێیان کە نایانخەنە ژێر رەخنەی زانستی و شەرعییەوە، کارێکی هاندەرانەیە بۆیان.

## ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەموو ژیانی سیاسی و دیدگای کۆمەڵایەتی و چالاکی خۆی قەتیس کردووە لە ململانێی سیاسی لەگەڵ دوو حزبی حوکمڕان و حکومەتەکەیاندا و هیچ ئاوڕێکی رەخنەیی لە کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی دیکە نەداتەوە و فەزای گشتی چۆڵ کردووە بۆ ئەم جۆرە فەتوایانە کە دەرەنجام سەرئێشەی سیاسی بۆخۆیشیانی لێ دەکەوێتەوە.

(یەکگرتووی ئیسلامی) کە گوایە خودان گوتار و دیدگایەکی نوێخوازانەیە بۆ شەرع و خوێندنەوەیەکی سەردەمییانەی هەیە بۆ ئەحکام و هۆکار و مەرجەکانی فەتوا، بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ کە ئەم جۆرە مەلایانە ناخاتە ژێر رۆشنایی رەخنە و شیکردنەوەی سەردەمییانە.

(بزووتنەوەی گۆڕان) لە بەرپا بوونی ئەم ژینگەیە خەتایەکی زۆری لە ئەستۆیە، کە هەموو جیهانبینی خۆی قەتیس کردووە لە ململانێ و شەڕەچنگی بەردەوام لەگەڵ پارتی و یەکێتی و حکومەتەکەیان و دەرەنجام تەواوی فەزای گشتی جێهێشتوە و چاوی رەخنەگرانەی خۆی و میدیاکەی لە ئاستی ئەم مەترسییە کۆمەڵایەتییانە نوقاندووە و بۆ شیکردنەوە و دەرەنجامگیری ئەم پرسە، خودان هیچ بەرنامە و گوتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە. ئەگەر هەیشی بێ ئەوا لەم قۆناغەدا لەبەر خاتری هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا و لە ژێر تایتڵی ئۆپۆزسیۆنیدا، خستوویەتییە ناو فرێزەرەوە. ئەمەیش هەڵەیەکی سیاسی و مەنهەجییە.

## میدیای ئەهلی و کۆمەڵگای مەدەنی

هەندێك ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی و چاپکراوە و بڵاوکراوە و بەشێکی زۆر کەمی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لێ دەربچێ، ئەگینا بەشێوەیەکی گشتی ئەم دامەزراوانە لە ئاستی مەترسییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم فەتوایانە کەمتەرخەمن و خودان رەخنە یان فشار نین بۆ سەر حکومەت و هەردوو حزبە حوکمڕانەکە و ئۆپۆزسیۆن و ناوەندەکانی ئایینی و زانستی کە لەم هەڕەشەیە هوشیار ببنەوە و جووڵەیەك بکەن.

من لە وتارێکی وەها کورتدا نەدەتوانم بە تەواوی لەم پرسە بکۆڵمەوە، نەدەشتوانم هەموو رەهەندەکانی ببینم. هەم ناشتوانم گشت چالاکییە بەرامبەرێنەکەی دیاری بکەم و چارەسەر پێشنیار بکەم. بەڵام ئومێد دەخوازم ئاوا لێی نەگەڕێین.

**گەڕان بە دوای هۆکارەکانی هەڵکشانی ئەم لێشاوە لە فەتوای حەرامکردن وا دەخوازێ لەو دۆخە کۆمەڵایەتی و ژینگە سیاسییە بکۆڵرێتەوە کە زەوینەی لەبار و گونجاویان بۆ بەرپا بوون و هەڵکشانی رەخساندووە**

**هەندێك ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی و چاپکراوە و بڵاوکراوە و بەشێکی زۆر کەمی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لێ دەربچێ، ئەگینا بەشێوەیەکی گشتی ئەم دامەزراوانە لە ئاستی مەترسییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم فەتوایانە کەمتەرخەمن**